# پێشهاتە هەرە مەترسیدارەکە لە پێشمانەوەیە!

## لە پەراوێزی بڕیارەکەی دادگای باڵای فیدراڵی عێراق


بورهان أ. یاسین


٢٠٢٢/٢/٢٤

## ناواخن


پێشەکی ---------------------------------------------------------------- ٣-٥

بڕیارەکەی دادگای باڵای فیدراڵی و کاردانەوەکان -------------------------------- ٥-١١

گەندەڵی، نەوت، دەسەڵات ------------------------------------------------ ١١-٢٢

دەرەنجام -------------------------------------------------------------- ٢٢-٢٦

## پێشەکی

دادگای باڵای فیدراڵی عێراق، کە بەرزترین دەسەڵاتی یاساییە و بە پێی مادەی ٩٤ی دەستوری هەمیشەیی عێراق بڕیارەکانی یەکلاکەرەوەیەوەن و "دەبێت سەرجەم دەسەڵاتەکان پێوەی پابەند بن،"[1] لە بارەی نەوت و گازی هەرێمی کوردستانەوە، بڕیارێکی کۆتایی دەرکرد. لایەنە هەرە گرنگەکانی بڕیارەکە بریتین لە: ١) پێداگری لەسەر نادەستوریبوونی یاسای ژمارە ٢٢ی ساڵی ٢٠٠٧ی نەوتو گاز کە پێشتر لە لایەن پەرلەمانی کوردستانەوە پەسەندکراوە؛ ٢) پابەندکردنی حکومەتی هەرێم "بە رادەستکردنی تەواوی بەرهەمی نەوتی کێڵگەکانی هەرێمی کوردستانو ناوچەکانی تر، کە وەزارەتی سامانە سروشتییەکانی هەرێم نەوتیان لێ دەردەهێنێتو رادەستکردنی بە حکومەتی فیدراڵی."[2]

ئەم بڕیارەی دادگای باڵای فیدراڵی لە کاتێکدا دێت کە دۆزی کورد لە باشوری کوردستان و دۆخی سیاسی و ئابووری هەرێمی کوردستان بە توندی کەوتۆتە ژێر هەژموون و کاریگەریی ژمارەیەکی زۆر پێدراو و گۆڕانکاری لە هەر چوار ئاستی سیاسەت و سیستمەمدا: **١- ئاستی ناوەخۆی هەرێم؛ ٢- ئاستی پەیوەندییەکانی هەرێم و بەغدا؛ ٣- ئاستی ئیقلیمی؛ ٤- ئاستی نێودەوڵەتی.**[3] لەم تێکهەڵکێشیە لە نێوان ئەم چوار ئاستەدا، شتگەلێی زۆر لۆکاڵی هەن، هەر لە ژیانی رۆژانەی خەڵک و باری ئابووریان، تێپەڕبوون بە بارودۆخی ئیقلیمی و تا دەگاتە ئاستە هەرە ستراتیژییەکەی سیستمی جیهانی، واتە بار گرژییە جیهانییەکان لە ململانێی روسیا و ئۆکراین و رەنگدانەوەی لەسەر پرسی گاز لە جیهاندا و کاریگەری ئەمەش لەسەر هەرێم. ئەوەتا،

---

[1] ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، فەرمانگەی راگەیاندن *دەستوری کۆماری عێراق*، ؟ ؟.

[2] بڕوانە بۆ نموونە پێگەی *درەومیدیا* "دادگای فیدراڵی: هەرێم دەبێت نەوتەکەی رادەست بکات،" لە https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=9692 دەستگەیشتن ٢٠٢٢/٢/١٧

[3] دواتر لە بەشێکی تری ئەم وتارەدا ئەم چوار ئاستە بە وردەکاری تر باس دەکەین.

لەم ئاستەدا، هەر ئێستا باسی ئەگەری ئەوە ئەکرێ کە دەکرێ "بۆری گواستنەوەی نەوتی هەرێم بەر سزاکانی ئەمریکا دەکەوێت، کۆمپانیای ڕۆسنەفتی ڕوسی خاوەنی ٦٠% بۆری گواستنەوەی نەوتی هەرێمی کوردستانە، ئەم کۆمپانیایە ئامانجی سزاکانی ئەمریکایە لە پاکێجی سزا ئابوورییەکانی سەر روسیا."[4]

پێویستە هەر لێرەوە ئەوە بڵێین کە هەر نزیکبوونەوەیەکی سیاسی یا ئەکادیمی لە بابەتی بڕیارەکەی دادگای باڵای فیدڕاڵی ئەوە دەخوازێت کە بە تێگەیشتن و ئاگاییەکی فراوانەوە ئەو کارە بکرێ، دور لە هەست و نەست، وروژاندن یا بچووکردنەوەی کێشە و مەترسییەکان لە ئاستێکی تەسکی کەسیی، حزبی یا ململانێیەکی لۆکاڵی سنورداردا.

ئەم وتارە هەوڵ دەدات، بە رادەی جیا جیا، لە هەر چوار ئاستی کێشەکە، کە لە سەرەوە ئاماژەیان پێدرا، بکۆڵێتەوە، لە ڕێگای بە یەکەوە گرێدانی ئەم چوار ئاستە لە ڕێگای بابەتی گەندەڵی لە لایەک وە دۆسیەی نەوت و گاز، لە لایەکی دیکەوە، لەگەڵ جەختکردنەوەی زیاتر لەسەر بابەتی پەیوەدنییەکانی هەولێر و بەغدا وە گرێدانیان بە تایبەتی بە ئاستە ئیقلیمییەکەوە. لە ئاستی ئیقلیمیدا وتارەکە هەوڵ دەدات پشت بە بەراوردکارییەک ببەستێ لە شێوازی هاوپەیمانییە ئیقلیمییەکانی کورد لە باشوری کوردستان لەگەڵ وڵاتانی داگیرکاری بەشەکانی دیکەی کوردستان، چ لە ساڵانی خەباتی شاخ وە چ لە ٣٠ ساڵی دواییدا، بە جەختکردنەوەی ئەوەی کە لە ناواخن و بنەماکانی ئەو هاوپەیمانییانەدا بەردەوام کۆمەڵێک ناسازی و ناکۆکی ئەوەندە جدیی هەبوونە کە دواجار ئەم جۆرە هاوپەیمانییانە بە زیانی گەورە و پشتشکانی لایەنی کوردییەوە کۆتایی هاتوون. هەروەها ئەم وتارە پێداگری دەکات لەسەر ئەوەی کە بە درێژایی ساڵانی دوای کۆتایی رژێمی سەدام حوسەین، لە ئیدارەدانی هەرێم و پەیوەندییەکانی لەگەڵ جیهانی دەرەوەدا دژایەتی و ناکۆکییەک هەبووە لە نێوان دوو هێڵی هاوتەریبدا، ئەویش لە نێوان، لە لایەکەوە، ئەوەی لە دەستوری هەمیشەیی عێراقدا هاتووە لەمەڕ ماف و دەسەڵاتەکانی هەرێمی کوردستان و هەرێم پەیڕەویان دەکات، وە لە لایەکی ترەوە **دەسەڵاتی ئەمری واقع** کە لە زۆر رووەوە لە دەرەوەی ئەو دەسەڵاتانەیە کە لە دەستوری هەمیشەیی عێراقدا هاتوون، یا تەنانەت دەکەونە دژایەتی لەگەڵ ئەو دەستورەدا. دەشکرێ ئەم دژایەتییە لە نێوان ئەم دوو هێڵە هاوتەریبە وەک **بنەما و سەرچاوەی هەرە سەرەکی** کێشەکانی نێوان بەغدا و هەولێردا ببینین و تێگەیشتنیان بۆ بکەین.

لە رووی سەرچاوەکانی وتاری بەردەستەوە، ئەم نووسینە بە شێوەی سەرەکی پشت بە رۆژنامە کوردییەکان دەبەستێت، کە زۆربەیان لە شێوەی پێگەی ئەلیکترۆنیدا بڵاو دەبنەوە. جگە لەوەش سوود لە هەندێک نووسراوی خۆم وەردەگرم کە پێش ئێستا بڵاوکراونەتەوە، یا ئەوانەی تا ئێستا بڵاونەکراونەتەوە، جگە لە هەندێ سەرچاوەی تر.

[4] بڕوانە "بۆری گواستنەوەی نەوتی هەرێم بەر سزاکانی ئەمریکا دەکەوێت،" لە https://www.zamenpress.com/Details.aspx?jimare=55631 دەستگەیشتن ٢٠٢٢/٢/٢٢

گریمانەیەکی ئەم وتارە ئەوەیە کە هەڵبژاردنەکان لە کوردستان هەر چەند جار دەکرێن با بکرێن بەڵام دواجار ئەوەی کۆد و **داهاتی نەوت و گازی بە دەستەوەیە، هەر ئەویش لە بەردەوامیدا خاوەن دەسەڵاتی راستەقینە دەبێت!** بە واتایەکی دیکە، جگە لە چەک، وەک ئامرازی بە دەستهێنانی دەسەڵاتی سیاسی و مانەوە تیایدا، لە ئێستادا نەوت و گاز و سەرچاوەی تری داهات کاریگەرترین ئامرازن بۆ پاراستنی دەسەڵات و مانەوە تیایدا. دیوی تری ئەم گریمانەیە ئەوەیە کە هەر کاتێک دەسەڵاتدار کۆدی نەوتی لەدەستدا، ئەوا بە ئەگەری زۆر سەرەکیترین سەرچاوەی هێز و ئامرازی مانەوە لە دەسەڵات لە دەست دەدات، نەک هەر ئەوە بەڵکو پشتگیریی جەماوەر و تەنانەت لایەنگرانیشی لەدەست دەدات!

## بڕیارەکەی دادگای باڵای فیدراڵی و کاردانەوەکان

بڕیارەکەی دادگای باڵای فیدراڵی، لە ماوەیەکی زۆر کەمدا، بووە هۆی کاردانەوەی جیا جیا، بە تایبەتی لە دامەزراوە و حزب و ناوەندە جیاجیاکانی هەرێمی کوردستان و عێراقدا. هەندێک لە راگەیندراوەکان زیاتر وروژاندنی هەست و نەستی خەڵکی کوردستانی پیوە دیار بووە تا عەقڵانییەت و وەڵامدانەوە بە زمانی یاسا و دەستور. لە راستیدا زۆرێک لە راگەیاندراوەکان پڕن لە دژایەتی. بۆ نموونە لە راگەیاندراوەکەی مەسعود بارزانی (سەرۆکی پارتی دیمۆکراتی کوردستان)دا بە روونی هاتووە کە "بڕیاری دادگەی باڵای فیدراڵیی عێراق لەبارەی نەوت و گازی هەرێمی کوردستان بڕیارێکی تەواو سیاسییە و پێچەوانەی دەستووری عێراقی فیدراڵە و، ئامانج لێی دژایەتیکردنی هەرێمی کوردستانە و دژی سیستەمی فیدراڵیی عێراقە." جگە لەمە، بارزانی دەشڵێت "بۆ هەموو لایەک ئاشکرا دەکەین کە هەرێمی کوردستان بە هەموو تواناکییەوە بەرگری لە مافە دەستوورییەکانی خۆی دەکات."[5] جگە لەوەی بارزانی بە شێوەیەکی "براوە" و یەکلاکەرەوە، لەژێر هەژموونی کەلتوری بە رەش یا سپی بینینی دیاردەکان، بڕیارەکە بە "تەواو سیاسی" لەقەڵەم دەدات، بەڵام راگەیاندراوەکەی بارزانی لە دژایەتییەکی ئاشکرادایە لەگەڵ هەڵوێستەکەی موقتەدا سەدر، "هاوپەیمانەکەی" بارزانی. سەدر لە تویتێکدا دەنووسێ "رێز لەبڕیارەکانی دادگای فیدراڵی دەگرین تایبەت بەدۆسیەی نەوت و گازی هەرێم و بڕیارەکان ئیلزامینو ناچارمان دەکەن بەڕێزگرتن لەبڕیارەکان."[6] ئەم نایەکانگیری، یا تەنانەت دژایەتییەش لە هەڵوێستدا، لە نێوان دوو هاوپەیماندا، واتە لە لایەک بارزانی وە سەدر لە لایەکی ترەوە، ئەوەمان پێدەڵێ کە بۆ هەنووکە، بە تایبەتی لە روی هەوڵەکان بۆ دروستکردنی حکومەتی داهاتوی عێراق، بە تایبەتی تریش یەکلاکردنەوەی پرسی پۆستی سەرۆک کۆمار، دەکرێ ئەم ناکۆکییە لە

---

[5] بۆ دەقی راگەیاندراوەکە بڕوانە: https://www.zamenpress.com/Details.aspx?jimare=55432 دەستگەیشتن ٢٠٢٢/٢/١٧

[6] https://www.sharpress.net/all-detail.aspx?Jimare=201295 دەستگەیشتن ٢٠٢٢/٢/١٧

هەڵویستی بارزانی و سەدردا بە قەد خودی بڕیارەکەی دادگای باڵای فیدراڵی عێراق گرنگ و یەکلاکەرەوە بێت. بەبێ ئەوەی زیاترمان گوتبێت دەربارەی ئەم ناکۆکی و دژایەتییە لە هەڵوێستەکانی بارزانی و سەدردا، پێویستە بە هەر حاڵ بپرسین ئایا کە هەڵوێستی موقتەدا سەدر و رەوتەکەی ئەوەندە ناکۆک بێت لەگەڵ هەڵوێستەکەی بارزانی و پارتیدا، کەواتە ئەوە چییە کە بە هەر حاڵ وا دەکات کە ئەم هاوپەیمانییە[7] لەسەر پێ بوەستێ و توانای مانەوە و بەردەوامی هەبێت، وە ئایا بەڕاست شەڕی پارتی لەسەر کورسییەکەی سەرۆک کۆمار، گرنگترە لە دۆسیەی نەوت و گازد؟ ئایا مکوڕ بوونی بارزانی بە بەردەوامبوون لە هەردوو هەڵوێستەکانیدا، واتە لە دۆسیەی نەوت و گاز لە لایەک وە شەڕ لەسەر پۆستی سەرۆک کۆماریی، بارزانی و پارتی بەرەورووی ئەگەری شکستێکی پشتشکێن ناکاتەوە؟ بە بۆچوونی خۆم جیاوازییەکە ئەوەندە گەورە و جددییە لە نێوان دوو هاوپەیمانەکەدا کە دەکرێ دواجار ئەم جیاوازییە ببێتە هۆی هەڵوەشانەوەی تەواوەتی هاوپەیمانییەکەی نێوان بارزانی لەگەڵ سەدر و حەلبوسی-خەنجەردا!

هەڵوێستی سەرۆکی هەرێم، نێچیرڤان بارزانی، نزیکترە لە ئەگەری **خۆ دزینەوە لە جێبەجێکردنی بڕیارەکە** لە لایەن هەرێمی کوردستانەوە تا هەر شتێکی دیکە. سەرۆکی هەرێم بە روونی گوزارەش لە خواست و ئاراستەی خۆدزینەوە دەکات کاتێک دەڵێ بڕیارەکەی دادگای باڵای فیدراڵی "لەسەر ئەرزی واقعیش قابیلی جێبەجێکردن نابێت."[8] چوار رۆژ دواتر نێچیرڤان راگەیاند "بڕیارەکەی دادگا بەرانبەر دۆسیەی نەوتی هەرێم زاڵمانەبوو، ئەگەر دادگا مەبەستیەتی خەڵکی کوردستان سزا بدات ئەوا ئەم بڕیارە لەسەر ئەرزی واقیع جێبەجێ ناکرێت."[9] دیارە، هەر زوو چەند رۆژێک دواتر، مەسرور بارزانی، سەرۆکی حکومەت، ئەوەی دوپات کردەوە کە بڕیارەکەی دادگای باڵای فیدراڵی "بەلای هەرێمی کوردستان قبوڵکراو نییە و هەرێمی کوردستان بە هەموو شێوەیەک داکۆکی لە مافە دەستوورییەکانی دەکات."[10] لە هەمان ئاراستەدا سەرۆکی فەرمانگەی یاسایی پارتی دەڵێت "ئەم بڕیارە قابیلی قبوڵو جێبەجێکردن نییەو ناشبێت کاری پێبکرێت."[11] کەواتە دەکرێ بە ئاسانی بڵێین کە هەر لە سەرەتادا ستراتیژی پارتی ئەوەیە کە بە دەنگ بڕیارەکەی دادگای فیدڕاڵییەوە نەچێ و جارێکی دیکە دەست بکاتەوە بە زیندووکردنەوەی "گەمە" کۆنەکە لەگەڵ بەغدا، کە ئەویش گفتوگۆی تاقەتپڕوکێن و بێ کۆتاییە لە ڕێگای

---

[7] لە کاتێکدا ئەوەی لە نێوان سێ لایەنی کوردی، سوننی و سەدردا مۆرکراوە وەک هاوپەیمانی ناوی هێنراوە، بەڵام دواجار بەرپرسی پەیوەندییەکانی پارتی دیمۆکراتی کوردستان (هوشیار سیوەیلی) دەڵێ "ئەوەی لە نێوان پارتی و سەدر و حەلبوسیدا هەیە رێککەوتن نیە، بەڵکو یاداشتی لێکتێگەیشتنە". بڕوانە:
https://www.zamenpress.com/Details.aspx?jimare=55592 دەستگەیشتن ٢٠٢٢/٢/٢١

[8] بۆ بینینی دەقی راگەیاندراوە بڕوانە بۆ نموونە: https://www.zamenpress.com/Details.aspx?jimare=55437 دەستگەیشتن ٢٠٢٢/٢/١٧

[9] https://www.sharpress.net/all-detail.aspx?Jimare=201423 دەستگەیشتن٢٠٢٢/٢/١٩

[10] https://www.sharpress.net/all-detail.aspx?Jimare=201417 دەستگەیشتن ٢٠٢٢/٢/١٩

[11] https://www.sharpress.net/all-detail.aspx?Jimare=201405 دەستگەیشتن ٢٠٢٢/٢/١٩

هاتووچۆیەکی بێ هەژمار و دوورودرێژ لە نێوان هەولێر و بەغدادا. دەکرێ بە ئاسانی ئەم ستراتیژە لە راگەیاندراوی نێچیرڤان (لە ٢٠٢٢/٢/١٩) بخوێنینەوە کە دەڵێت "ئەگەر بەغدا بەدوای چارەسەر دەگەڕێت ئەوا دەتوانرێت ئەم کێشانە چارەسەر بکرێت و گفتوگۆی جدی لەنێوان هەردوولا دەست پێبکا."[12] هەر لە هەمان ئاراستەدا قسەکەر بە ناوی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەڵێ "ئێمە لەگەڵ حکومەتی عێراق بەردەوامدەبین لە گفتوگۆو."[13] لە راستیدا هەر کەسێک بگەڕێتەوە ئەرشیڤی راگەیاندنەکانی حکومەتی هەرێم، هەر نەبێ لە ١٥ ساڵی دواییدا، بە روونی بۆی دەردەکەوێت کە سەدان جار، ئەگەر نەڵێین هەزاران جار، بەرپرسانی حکومەت هەمان ئەم پەیامەیان داوە، بێ ئەوەی لە رووی کردارییەوە هەولێر و بەغدا بگەن بە هیچ رێککەوتنێکی کۆتایی و جێگیر. جگە لەم شێوە راگەیاندنانە، بەرپرسانی حکومەت، بە تایبەتی دەسەڵاتدارانی پارتی، هەر زوو دەکەونە هەوڵ و کۆششی دەرەوەی دامەزراوە رەسمییەکان و پەیوەندی ژێر بەژێر، بە ئومێدی بێ کاریگەریکردن و بێ ئەسەرکردنی بڕیارەکەی دادگاکە، تا رادەی لەبیرکردن، سڕبوون و لەبیرچوونەوەی بڕیارەکە. بەڵام هەر زوو پێویستە ئەوە بڵێین کە دەکرێ ئەم جۆرە گەمەیە (گەمەی خۆدزینەوە و گواستنەوەی چارەسەر بۆ دەرەوەی دامەزراوە رەسمییەکان) پڕ ریسک و مەترسی بێت، وەک بۆ نموونە دەستبردنی بەغدا بۆ ئاستی ئیقلیمی و رێککەوتن لەگەڵ تورکیا، کە ئەمەیان دەکرێ بۆ هەرێمی کوردستان پشتشکێن بێت. لە لایەکی ترەوە، هاوتەریب لەگەڵ ئەم شێوازە لە یاریکردن (واتە خۆدزینەوە و جێگۆڕکێ بە پانتایی گەمە سیاسییەکان)، هەر زوو دەرکەوت کە لایەنی حکومەتی هەرێمی کوردستان (تۆ بڵێ نوێنەرانی پارتی، کە لە کۆنفرانسی ئاسایش لە میونشن ئامادەبوون) هەوڵی بە نێونەتەوەییکردن (تدویل)کردنی کێشەی نێوان هەرێم و بەغدای تایبەت بە دۆسیەی نەوت و گاز و بڕیارەکەی دادگای فیدڕاڵی دەربارەی ئەم دۆسیەیان دا. لەم بارەیەوە مەسرور بارزانی، بە ئاماژە بە گفتوگۆی خۆی لەگەڵ "شاندێکی" ئەمریکی لە میونشن، دەڵێ "باسمان لە بڕیاری ئەم دواییەی دادگای باڵای فیدرالی دەربارەی یاسای نەوت و گاز لە هەرێمی کوردستان کرد کە خزمەتی سەقامگیریی دۆخی عیراق و چارەسەرکردنی کێشەکانی هەرێمی کوردستان و حکوومەتی فیدرالی ناکات."[14] هەڵبەتە ئاشکرایە کە مەبەستی ئەم بەرپرسانەی هەرێم لەم هەوڵەدا ئەوەیە کە لایەنە نێودەوڵەتییەکان پشتگیری لە

---

[12] https://www.sharpress.net/all-detail.aspx?Jimare=201423 دەستگەیشتن ٢٠٢٢/٢/١٩

[13] بڕوانە: https://www.sharpress.net/all-detail.aspx?Jimare=201487 دەستگەیشتن ٢٠٢٢/٢/٢١

[14] *پێگەی زەمەن*، "شاندی هەرێم بڕیارەکەی دادگای فیدراڵیان گەیاندە لای ئەمریکییەکان،" https://www.zamenpress.com/Details.aspx?jimare=55531 دەستگەیشتن ٢٠٢٢/٢/١٩
جێگای سەرنجە کە سەردێڕی ئەم هەواڵە وا نووسراوە وەک ئەوەی لە عێراق و کوردستان ئەمریکییەکان بوونیان نەبێت بۆ ئەوەی راستەوخۆ و لە نزیکەوە ئەم هەواڵەیان پێبگەیەنرێ. بەڵام ئاسان نییە بزانین ئایا ئەم سەردێڕە بژاردەی زەمەن خۆیەتی یا هەر لە سەرەتادا لە دەزگایەکی رەسمی حکومەتی هەرێمەوە سەردێڕەکە بەم شێوەیە نووسراوە و بۆ زەمەن نێردراوە!

هەڵوێستی هەرێمی کوردستان بکەن، بێئاگا لەوەی کە بە پێچەوانەوە دەکرێ لایەنە نێودەوڵەتییەکان لایەنگیری لە بەغدا هەڵبژێرن تا پشتگیری لە هەرێم! لە راستیدا جێگای سەرسوڕمانە حکومەتی هەرێم باوەڕی وابێ کە حکومەتی ئەمریکا "بەو سادەییە" لایەنگیری هەرێم دەکات، کاتێک پێشتر هەر لە دادگایەکی ئەمریکی، لە بابەتی سکاڵایەکی عێراق لە بەرامبەر هەرێمی کوردستان لەمەڕ فرۆشتنی نەوت بە ئیسرائیل، هەرێم کەیسەکەی دۆڕاندووە. لە راستیدا دادگای فیدراڵی لە بڕیاری دووەمیدا لە دۆسیەی نەوت و گاز بە تایبەتی ئاماژە بە پشتبەستن بەو بڕیاری دادگا ئەمریکییەکە بەستووە. دادگای فیدراڵی دەڵێت "پێشتریش بە هەمان ناوەڕۆکەوە لە یەکێک دادگاکانی ئەمریکا لەم کەیسەدا لەبەرژەوەندی وەزارەتی نەوتی عێراقو دژی وەزارەتی سامانە سروشتییەکانی هەرێم بڕیاریداوە."[15] دەشکرێ بڕیاری دووەمی دادگای فیدراڵی پەیامێک بێت بۆ دەسەلاتدارانی هەرێم: "بووەست هەوڵی بە نێودەوڵەتیکردنی کێشەکە مەدەن، ئەمە یارمەتیان نادات." جێگای سەرنج و گرنگییە کە تا ئێستا هیچ هێزێکی سیاسی عێراق، هێزێکی ئیقلیمی یا نێودەوڵەتی، نە دوور نە نزیک پشتگیریان بۆ دەسەلاتی هەرێمی کوردستان و هەڵوێستەکانی دەرنەبڕیوە. دەکرێ بە ئاسانی دوو دەرەنجام لەم راستییە هەڵێنجین: ١) تەدویلکردنی دۆسیەی نەوت و گاز، بە ئەگەری زۆر، یارمەتی ئەم دەسەلاتە نادات بۆ راستکردنەوەی باری لاری لەو ناهاوسەنگییەی کە لە نێوان هەرێم و بەغدا هەیە؛ ٢) دەکرێ بەردەوام بوون لە سیاسەتی هیوا هەڵچنین لەسەر هێزە دەرەکییەکان، بۆ ئەوەی یارمەتی هەرێم بدەن و پشتگیری بن بەرامبەر بەغدا، کاریسەی لێ بکەوێتەوە. چونکە، بە هەر حاڵ، ئەو ئەگەرەی کە بەهێزە ئەوەیە کە، هەر وەک لە حاڵەتی ریفراندەمدا روویدا، هەرێمی کوردستان بە تەنیا بەجێ بمێنێ!

جێگای سەرنجە کە هەر چەندە ساڵانێکە یەکێتی نیشتمانی، وەک حزبێکی هاوبەش لە دەسەلات، بەشێک لە "خێر و بێری" نەوت و گازی "لە تاریکیدا" دەستکەوتووە، بەڵام لە دواکەوتنی راگەیاندنی هەڵوێستی فەرمی خۆی و لە زمانی بەکارهاتوو لە راگەیاندراوەکەدا جیاوازییەکی روون لەگەڵ هەڵوێستی پارتیدا، بە تایبەتی هەڵوێستی مەسعود بارزانیدا، بەدیدەکرێ.[16] تەنانەت، دواتر، یەکێک لە ئەندامانی سەرکردایەتی ئەم حزبە (بڵێسە جەبار فەرمان) دوورتر دەچێ و دەڵێ "بڕیارەکەی دادگای فیدراڵی دەستوورییە و لە دەستووردا نوسراوە کە سامانە سروشتییەکان

[15] پێگەی *شارپرێس*، دوەم راگەیەندراوی دادگای فیدراڵی لەسەر نەوتی هەرێم، ٢٠٢٢/٢/١٧ https://www.sharpress.net/all-detail.aspx?Jimare=201347 دەستگەیشتن ٢٠٢٢/٢/١٩

[16] جێگای سەرنجە کە راگەیاندنی هەڵوێستی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە رێگای راگەیاندنێکی رەسمی، بۆ نموونە لە ئاستی مەکتەبی سیاسی، نەبوو، بەڵکو تەنها راگەیاندنێکی زارەکی بوو لەسەر زاری قسەکەری رەسمی ئەو حزبە. بڕوانە: "یەکێتی هەڵوێستی خۆی لە بارەی بڕیارەکەی دادگای فیدراڵییەوە راگەیاند." https://nrttv.com/detail/7989 دەستگەیشتن ٢٠٢٢/٢/١٧

موڵکی تەواوی عێراقییەکانە و دەرهێنانی نەوت لە دەسەڵاتی حکومەتی فیدراڵییە."[17] ئەم هەڵویستەی بڵیسە جەبار فەرمان زۆر نزیکە، تەنانەت یەکانگیریشە، لەگەڵ بۆچوونی خودی دادگای باڵای فیدراڵی!

هەڵویستی بزاڤی گۆڕان، کە بازنەی هەرە لاوازی حکومەتەکەی ئێستایە، زۆر جیاوازە لە راگەیاندراوەکانی بەرپرسانی پارتی، تەنانەت لە هەڵویستی رەسمی یەکێتیش. بە لەبەر چاو گرتنی پێگەی سیاسی و جەماوەری لاواز و پڕ کێشەی ئێستای گۆڕان، لەگەڵ ئەوەشدا ئەم حزبە راشکاوانە لە راگەیاندراوێکدا پەنجە دەخاتە سەر ئەو راستییەی کە تا ئێستا دۆسیەی نەوت و گاز لە کوردستان لە ناڕوونی و تاریکیدا مامەڵەی لەگەلدا کراوە. لە راگەیاندراوی گۆڕاندا جەختکراوەتەوە کە "بۆئەوەی حکومەتی هەرێم لەم لایەنەوە لەگەڵ حکومەتی ناوەند بەهێزبێ، ئەبێ پشتئەستور بێ بە پشتیوانی خەڵک، بۆئەوەی پشتیوانی خەڵک بەدەستبهێنێ ئەبێ لە هەمو هەنگاوەکانی لە رۆشنایی دا و بە ئاشکرا کاربکات."[18] کەواتە جگە لەوەی کە گۆڕان لە راگەیاندراوەکەیدا باس لە بە "سیاسیبوون" و "نادەستوریبوونی" بڕیاری دادگای فیدراڵی **ناکات**، ئەم حزبە بە **ناڕاستەوخۆ** پەنجەش دەخاتە سەر "ناشەفافبوونی" دۆسیەی نەوت و گاز لە کوردستان. لە لایەکی ترەوە، هەرگیز ئەم راگەیاندراوەی گۆڕان بەس نییە بۆ ئەوەی گۆڕان شانی خاڵی بکاتەوە لە بەرپرسیارییەتی، جا لە دۆسییەی نەوت و گاز بێت یا لە هەر دۆسییەیەکی دیکە بێت، کە ئاشکرایە پارتی لە بڕیاردان تیایاندا **باڵادەستی رەها** و **بێ رکابەرە**! ئاخر بزاڤی گۆڕان و هەموو لایەنەکانی دیکەش (جگە لە پارتی) دەبێ دوای بڕیارەکەی دادگای فیدراڵی ئەگەری روودانی خراپترین سیناریۆ لەبەر چاو بگرن جا چ سیناریۆی دووبارەبوونەوەی بەکاربردنی هێز لە لایەن بەغداوە بێت، هەر وەک ئەوەی کە دوای ریفراندەم رویدا، یا بە سیناریۆیی رێککەوتنێکی ئیقلیمی پشتشکێن لە جۆری رێککەوتنی پشتشکێنی جەزائیر (لە ١٩٧٥/٣/٦)، بەلام ئەمجارەیان لە نێوان عێراق و تورکیا! جا ئایا لە ئەگەری سیناریۆگەلێکی ئەوهادا گۆڕان و حزبەکانی دیکە چییان دەبێت بیڵێن: بەرپرسیارییەتی ئێستایان چییە و هی ئەو کاتەش چی دەبێت و . . .هتد؟

جێگای ئاماژەیە کە یەکێک لە هەڵویستەکان، کە پێویستە ئاماژەی پێ بکرێ، هەڵویستەکەی بەرهەم ساڵح سەرۆک کۆماری عێراق بووە. جگە لەوەی کە راگەیاندراوی بەرهەم ساڵح داننانە بەوەی کە مەسەلەی نەوت و گاز کێشەیەکی چارەسەرنەکراوە و داوای دایەلۆگ بۆ چارەسەری کێشەکە دەکات، بەلام لەولاشەوە  داننانێکی "ناڕاستەوخۆی" تیایە کە ئەم دۆسیەیە گەندەڵی تیایە وە رێک ئەم داننانەی دوایی وا دەکات کە بەرهەم ساڵح خۆی لە هەڵویستی دەسەلاتدارانی هەرێم جیا بکاتەوە و هەنگاوێکیش لە رای گشتی "هەرێمی کوردستان" نزیک ببێتە، رای گشتییەک کە بێگوومان پێی وایە ئەم دۆسییە لەبەر گەندەڵبوونی "رەوایەتی خۆی لەدەست داوە،" وە هەر لەبەر

---

[17] https://nrttv.com/detail/8143 دەستگەیشتن ٢٠٢٢/٢/٢١

[18] https://www.zamenpress.com/Details.aspx?jimare=55451 دەستگەیشتن ٢٠٢٢/٢/١٩

ئەوەشە کە "بەشێکی زۆر" لە رای گشتی بە جۆرێک لە ئەرێنییەوە تەماشای بڕیاری دادگای باڵای فیدراڵی دەکات. بەرهەم سالح دەڵێت: "دەبێت میکانیزمی گونجاو بۆ چارەسەری کێشەکان بدۆزرێتەوە، هەروەها داوا دەکات داهاتەکان بۆ خزمەتی هاولاتیان و دور لە **گەندەڵی و خراپ بەڕێوەبردن بەکاربهێنرێن**."[19]

دواجار هەڵوێستێکی کۆکەرەوە کە دەکرێ هەڵوێستی رەسمی هەموو هێزە بەشداربووەکانی حکومەت بێت، ئەو هەڵوێستە بێت کە دوای تەواوبوونی کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان (کە لە ٢٠٢٢/٢/٢٣ بەسترا) راگەیندرا. ئەم هەڵوێستە، جگە لەوەی جەخت لەسەر "لایەنداریەتی" بڕیاری دادگای باڵای فیدراڵی دەکاتەوە، بەڵام لەولاشەوە باس لە مەترسییەکی گەورە دەکات کە ئەویش جولاندنی هێزە دژی هەرێمی کوردستان. لەم بارەیەوە قسەکەر بە ناوی حکومەتەوە دەڵێ "ئەم بڕیارە شتی دیکەی بەدوادا دێت و دوور نییە بڕیاری لەشکرکێشی بۆ سەر هەرێم و داگیرکردنی خاڵە سنوورییەکان و داخستنی فڕۆکەخانەکانی بەدوادا بێت."[20] جێگای سەرنج و گرنگییە کە یەکەم جارە لە رووی رەسمییەوە، لە رێگای ئەم راگەیاندراوێکی فەرمییەوە، باس لە **ئەگەری جولاندنی هێز** دەکرێت. ئەم شێوازە لە نزیکبوونەوەی فەرمی لە کێشەکە دوو ئەگەری لێ دەخوێندرێتەوە: ١) دەسەڵاتدارانی هەرێم خەریکە ئێستا، دوای هەشت رۆژ لە دەرچوونی بڕیارەکە، لە جدییەتی کێشەکە دەگەن؛ ٢) بەڵام ئەگەری دیکە ئەوەیە ئەم ئاماژەدانە بە ئەگەری جولاندنی هێز تەنها شتێکی تاکتیکی بێت و مەبەست لێی ترساندنی هاولاتیانی هەرێم بێت بۆ ئەوەی دواجار خەڵک لە رێگای ئەم ختوکەدانەی ترس و هەستکردن بە مەترسییەوە، جۆش و خرۆش بدرێ بۆ ئەوەی دواجار لە دەوری دەسەڵاتدارانی هەرێم کۆببنەوە و پشتگیری و بەرگری شێلگیرانە لە هەڵوێستی ئەم دەسەڵاتدارانە بکەن. لە کاتێکدا ئێمە بە پشتڕاستیی نازانین مەبەستی حکومەت لە دانی ئەم جۆرە پەیامە چییە، بەڵام دەتوانین بڵێین **ئەگەر مەبەستەکە تاکتیکی** بێت، نەک تێگەیشتنێکی جددی لە کێشەکە، ئەوا هەر لە ئێستاوە ئاراستەکە نەک هەر هەڵەیە بەڵکو هەر وەک چۆن لە حاڵەتی ریفراندەمدا ختوکەدانی هەست و نەست، کاریسەئامێز بوو، دەکرێ ئەم جارەشیان بەکاربردنی هەمان ئامراز دیسان کاریسە ئامێز بێت. دواجار من لە جێگای تر گوتومە: ئەوەی لە سیاسەتدا بە هەست و نەست هەستێتە سەر پێ، ئەوا دواجار بە خەسارەت دادەنیشێتەوە. رێک ئەمە لە ریفراندەمەکەی ٢٠١٧ روویدا. ئەگەر ئەمجارەیان دەسەڵاتداران بە حیکمە، واقیعبینی و وریایی زۆرەوە ماڵە لەگەڵ بڕیارەکەی دادگای

---

[19] بۆ بینینی دەقی راگەیاندراوی سەرۆککۆمار، بڕوانە بۆ نموونە:
https://www.sharpress.net/all-detail.aspx?Jimare=201336 دەستگەیشتن ٢٠٢٢/٢/١٧
تۆخکردنەوەکە هی نووسەرە.

[20] بڕوانە پێگەی *زەمەن* " جوتیار عادل: بڕیارەکەی دادگا مەترسی داگیرکردنی کوردستان بەدوای خۆیدا دەهێنێت" لە،
https://www.zamenpress.com/Details.aspx?jimare=55661&fbclid=IwAR001FXePhijWo9uko0Sj3PENFvo84ENERDjt_NzglU9p-jmJI1dkzfll_k دەستگەیشتن ٢٠٢٢/٢/٢٣

باڵای فیدڕالیدا نەکەن و وا بزانن کە دەکرێ بە ختۆکەدانی هەست و نەستی خەڵکەوە سیاسەتێکی سەرکەوتووانە بەرامبەر بە بەغدا بکرێت، ئەوا کارێکی ئەوها بەهەڵەداچوونێکی کوشندە دەبێت و دەرەنجامەکەشی بە ئەگەری زۆر باشتر نابێ لەوەی کە لە ریفراندەم کەوتەوە!

## گەندەڵی، نەوت، دەسەڵات

یەکێک لەو چەمکانەی کە ساڵانێکە، لە بواری رەخنە لە دەسەڵات، کە بەکاربردنێکی یەکجار فراوانی هەبووە، چەمکی **گەندەڵییە**. کەرتی نەوت و گاز یەکێکە لەو چاڵاکییە ئابوورییانەی کە لە رێگای بەکاربردنی ئەم چەمکەوە قسەی زۆری لەسەر کراوە. بەشێکی هەرە گرنگ لە تێبینی زۆرێک لە لایەنە سیاسییەکان، کۆمەڵگەی مەدەنی، چاڵاکوانانی سیاسی و کۆمەڵگەی سیاسی بە گشتی ئەوە بووە کە یەکێک لە کێشە هەرە جدییەکانی ئەم کەرتە ئەوە بووە کە ئەم کەرتە گەندەڵ و ناشەفافە. بەڵام پێموایە تا ئێستاش ئەم چەمکە تێگەیشتنێکی دروست و هەرە فراوانی بۆ نەکراوە، بەو مانایەی کە ئایا ئێمە کاتێک دەڵێین **گەندەڵی** مەبەستمان چییە وە ئایا دەکرێ مەترسییەکانی ئەم دیاردەیە ببەینە **ئاستی هەرە ستراتیژی**، کە دواجار لە ئاستی جیا جیادا گەندەڵی وەک هەڕەشەیەکی هەرە جدی لە "ئاسایشی نەتەوەیی" هەرێمی کوردستان و "ئەزموونی" ئەو بەشەی کوردستان دەرکەوێ؟

لێرەدا دەمەوێ، بە جەختکردنەوە، بڵێم کە لە گوتاری رەخنە لە دەسەڵات نەتوانرە رەهەند و ئاستە هەرە مەترسیدارەکانی دیاردەی گەندەڵی خوێندنەوەی هەرە فراوان و دروستی بۆ بکرێ، وە دواجار ئەم خوێندنەوەیە بکرێ بە بنەمای ستراتیژ و نەخشەڕێگای سیاسی بۆ بەرەورووبوونەوەیەکی راستەقینە لەم دیاردەیە.

لە راستیدا زۆر دەمێکە، لە سێبەری حکومڕانی سێ ساڵەی هەرێمی کوردستاندا، **مەترسییەکانی گەندەڵی**، بە کردار سنوورە خۆجێیی (لۆکاڵی)یەکانی تێپەڕکردووە و چووەتە ئاستی هەرە مەترسیداری هەڕەشە لە ئاسایشی نەتەوەیی و نیشتمانی باشووری کوردستان. هەر لەبەر ئەمەش، زۆر دەمێکە پێویست بوو خوێندنەوەیەکی دیکە بۆ دیاردەی گەندەڵی بکرێ و بە پێی ئەو خوێندنەوەیەش گەندەڵی لە پێکهاتە و کاری رۆژانە و رەهەندە کارگێڕییەکانی دەزگاکانی دەوڵەتدا قەتیس نەکرێ، بەڵکو ئەم دیاردە کوشندەیە لە **ئاستێکی ستراتیژی هەرە مەترسیداردا پێناسە و تێگەیشتنی بۆ بکرێ.**

دوانزە ساڵ بەر لە ئێستا (٢٠٠٩) لە بابەتێکمدا[21] دیاردەی گەندەڵیم لەم چوار رەهەند یا ئاستەدا (کە لە سەرەوە لاپەڕە ٣ ئاماژەی پێدراوە) پێناسە کردووە، کە ئەم چوار ئاستەش لە کۆیاندا، ئەوەمان پێدەڵێن کە گەندەڵی بە شێوەیەکی پشتشکێن وە لە ئاستێکی هەرە ستراتیژیدا رەگی داکوتیوە و بووە بەو "کرمەی" کە دۆزی کوردی لە باشووری کوردستان لە هەموو

[21] بڕوانە: بورهان أ. یاسین، "**باشووری کوردستان دوای ٢٠٠٩/٧/٢٥: ئەرزهەژی سیاسی و ئەگەرەکان بە ڕووی داهاتوودا،**" لە ماڵپەڕی نووسەر لە ٢٠٠٩/١٠/١٥دا بڵاوبۆتەوە www.burhanyassin.com

ئاستەکانی دۆزەکەدا کلۆڵ و کرمی کردووە. بە واتایەکی دیکە ئەو هەڵەیەی کە تا ئێستا کراوە لەمەڕ تێگەیشتن لە **دیاردەی گەندەڵی** و داڕشتنی گوتاری سیاسی لەسەر ئەو بنچینەیە ئەوە بووە کە **ئەم دیاردەیە تەنها لە ئاستی ناوخۆی هەرێم (واتە ئاستە خۆجێییەکە)دا بینراوە**، وەک بۆ نموونە مەسەلەی بندیوار، مەحسوبییەت، چاوپۆشی لە دیاردە دزێوەکانی کارگێڕی و . . .هتد.

لە وتاری ناوبراومدا، بە جەختکردنەوە، گوتوومە کە ئێمە دەبێ گەندەڵی لە چوار ئاستدا ببێنین و چارەسەرەکانیش هەر لەم چوار ئاستەدا فۆرموڵە بکەین بە پێی ئەوەی کە کۆڵەگە و "موقەوەماتی" بوون و هێزی دەسەڵاتیش هەر لەو چوار ئاسەتدان، واتە هەر وەک لە سەرەوە گوترا: ١) ئاستی ناوەخۆی هەرێم؛ ٢) ئاستی پەیوەندییەکانی هەرێم و بەغدا؛ ٣) ئاستی ئیقلیمی؛ ٤) ئاستی نێودەوڵەتی. (دواتر دەگەڕێمەوە سەر باسی ئەم ئاستانەی گەندەڵی).

❊ ❊ ❊

یەکێک لە دەرهاوێشتەکانی گەندەڵی ئەوە بووە کە دوو **دەسەڵاتی هاوتەریب** سەریان هەڵداوە: لە لایەکەوە دەسەڵاتی رەسمی (واتە پەرلەمان و ئەنجومەنی وەزیران و هەموو دامەزراوە رەسمییەکانی تر)، کەچی لە لایەکی ترەوە دەسەڵاتی شاردراوە (یا تۆ بڵێ قوڵ)ی[22] دوو حزبە خاوەن "میلیشیاکە،" واتە دەسەڵاتی قوڵی **ئابووریی رەش**، کۆمپانیا وەهمییەکان، قاچاغچێتی بە نەوت و سەرچاوەکانی تری سامانی نیشتمانی، کۆمپانیا زەبەلاحەکانی دوو حزبەکە و بە تایبەتیش کەسە بە هێزەکانی دوو بنەماڵەی دوو حزبەکە. ئەمە رێک خەسڵەتی پێکهاتەی دوانەیی دەسەڵاتە لە "دەوڵەتە شکستخواردووەکاندا،" واتە **دەسەڵاتی رەسمی لە لایەک، کە لاوازە،** وە هاوتەریبەکەی، **کە دەسەڵاتی قوڵ یا شاردراوەیە و دەسەڵات و قودرەتی راستەقینەی لەدەستدایە،** لە لایەکی ترەوە. **ئەم دەسەڵاتە قوڵە دەسەڵاتە رەسمییەکەی لە ناو چینگیدا توند بە بارمتە گرتووە، ئاراستەی دەکات و بازرگانی پێوە دەکات!** رێک ئەم شێوازەیە لە بونیادی دەسەڵات کە گەورەترین یارمەتیدەری دیاردەی گەندەلییە، بە ئاکامی هەرە مەترسیدارەوە بۆ تەواوی سیستمی سیاسی لە هەرێمی کوردستان.

یەکێک لە ئاکامە هەرە مەترسیدار و کەمەرشکێنەکانی دیاردەی گەندەلی، بە پێی ئەم جۆرە لە خوێندنەوە، ئەوە بووە کە گەندەڵی لە دوور مەودادا توانیویەتی دۆزی کورد بکات بە دۆزێکی دوو لەت: یەکێکیان دۆزی رەوای خەڵکی کوردستانە، بەڵام ئەوەی دیکەیان دۆز و قەزیەی توێژێکی تەماح و چاوچنۆکە کە وەک "**مشەخۆر" لەسەر حساب و جەستەی دۆزە رەواکە دەژیێ.** لە راستیدا ئەمە رێک دۆخی دۆز و ئەزموونی کورد بووە لە باشووری کوردستان لە ٣٠ ساڵی رابردوودا. وەک نموونەیەکی زیندو و هەستپێکراو بۆ بەرجەستەکردنی ئەم ئەو حاڵەتی "دوو لەتیی" لە ئێستادا ئەوەیە کە لە دوای بڕیارەکەی دادگای فیدڕاڵی لەمەڕ دۆسیەی نەوت و گازی هەرێمی کوردستان جوت-جەمسەرییەکی ئاشکرا دروست بووە لە هەڵوێستەکان: توێژی دەسەڵاتداری مشەخۆر تا بڵێی بەم بڕیارە نیگەرانە، بەڵام لە بەرامبەردا خەڵکێکی زۆر، کە پێی وایە نەوت و گاز نەبۆتە سەرچاوەی خێر و حەسانەوەی زۆرینەی خەڵک بەڵکو بۆتە سەرچاوەی خۆدەوڵەمەندنێکی بێ سنووری توێژێکی دەسەڵاتداری مشەخۆر و چاوبرسی،

---

[22] لە بواری لێکۆڵینەوە لە گۆشەنیگای زانستی سیاسییەوە دەمێکە چەمکی دەوڵەتی قوڵ (the deep state) بۆ گوزارشت لە بوونی دوو دەسەڵاتی هاوتەریب، یەکێکیان دەسەڵاتە "بینراوە" رەسمییەکەیە، بەڵام ئەوەی تریان دەسەڵاتی قوڵ و شاردراوەیە. یەکێک لەو وڵاتانەی کە ئەم حاڵەتی دوانەیی و هاوتەریببوونی دوو دانە دەسەڵاتی تیادا بەرجەستەیە تورکیایە.

بڕیارەکەی بەلاوە پەسەندە. چونکە، بە سادەیی، وا دەزانێ دواجار بڕیارەکە دەبێتە هۆی زیان گەیشتن بەو توێژە تەماح و چاوچنۆکەی دەسەڵات. ئەوەشی لەم بارەیەوە جێگای سەرنجە ئەوەیە کە دەسەڵاتدارە مشەخۆر و (موستەفیدەکان) بەردەوام دەخوازن نیگەرانییە راستەقینەکەیان بە پەردەی رەواییەتی دۆزی خەڵکی کوردستان و بەرژەوەدنییە نیشتمانییەکانی ئەم خەڵکە پەردەپۆش بکەن، لە راستیدا لە گوتارەکانیاندا وا خۆیان دەردەخەن کە ئەوان بەرگریکاری ژمارە یەک و راستەقینەن لە مافە رەواکانی خەڵکی کوردستان!

ئەمڕۆ گومان نییە لەوەی کە **کێشەی رەوای گەلێک** بوونی هەیە، کە لە راستیدا بەردەوامی مێژوویەکی دوور و درێژە، بەڵام **لە پشت هێڵی ئەم دۆزە رەوایە بەردەوام توێژێکی خۆپەرست و تەماح و چاوچنۆک** خۆی حەشارداوە و بەرژەوەندییەکانی خۆی پاراستووە. **ئەم توێژە نەک هەر بەرژەوەندییەکانی خۆی لەسەر حسێبی ئەو دۆزە رەوایە دەپارێزێ، بەڵکو ئامادەشە ئەم مەسەلە رەوایە بکا بە قوربانی بەرژەوەندییە تایبەتی و تەسکەکانی خۆی.** . .

لە راستیدا ئەمڕۆ بەشێکی گرنگ لە ململانێ و کێشمەکێشی هەولێر و بەغدا **کێشەکانی دەسەڵاتی شاردراوەن**، بەڵام لەولاشەوە لە رێگای بەکربردنی **دەسەڵاتە رەسمییەکەی هەرێمی کوردستانەوە**، چونکە کێشەکان وەک کێشەی رەوا و بەرژەوەندییەکانی خەڵکی کوردستان وێنادەکرێن و دەناسێنرێن و بەرەو رووی بەغدا دەکرێنەوە. بەم مانایەش دۆزە رەواکە و خەڵکی کوردستان باجی ململانێیەک دەدەن کە نە هی خۆیانە و نە هی بەرژەوەندی و ئاسایشی نەتەوەییشیانە، بەڵکو کێشەی چاوبرسی و چاوچنۆک و گەندەڵکارانی دەسەڵاتی شاردراوەی "کوردییە." هەڵبەتە هەر ئەم حاڵەتەیە وای کردووە کە بەردەوام دەبینین کەسانێک بە هەڵە و بە ناڕەوا هێرش دەکەنە سەر "کوردایەتی" وەک ئەوەی "کوردایەتی" بەرپرس بێت لە حاڵەتی بوونی توێژێکی دەسەڵاتداری مشەخۆر، کە لە راستیدا وەک شێرپەنجە کەوتۆتە گیانی دۆزی رەوای کورد و کوردایەتی، وە بەم مانایەش "کوردایەتییە" راستەقینەکە بۆتە قوربانی ژمارە یەک.

بە واتایەکی دیکە، کێشەی نەوت لەگەڵ بەغدا دوو رووی هەیە، لە لایەک مەسەلەیەکی نەتەوەیی/نیشتمانییە، بەڵام لە لایەکی ترەوە مەسەلەی دەسەڵاتی کۆمپانیا نایاساییەکانی پارتی و یەکێتی و کۆمپانیا وەهمییەکانی قاچاغیکردن بە کاڵایەکی ستراتیژی و هەرە هەستیار لە رووی ئاسایشی نەتەوەیی و نیشتمانییەوە. لە راستیدا هەر لە چوارچێوەی ئەم بۆچوونەدا دەمێکە چالاکی و هەژموونی "دەسەڵاتی شاردراوە" لە ئاستی ئیقلیمی و نێودەوڵەتییشدا بۆتە بارگرانییەک بەسەر کێشەی رەوای کورد و رێگرێکیش لەبەردەم کارساز و وەبەرهێنەر و سەرمایەداری بیانی کە خوازیارن، دوور لە گەندەڵی و پارێزراو لە دەسەڵاتدارانی گەندەڵکار، وەبەرهێنان لە کوردستاندا بکەن. رووداوەکانی رابردوویێکی نزیک لە تێوەگلانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە هەندێک سەودا لەگەڵ (د ن ۆ)ی نەرویژی و (گینەل ئەنەرژی) تورکی (دواتریش رۆزنەفتی روسی) و زۆر کۆمپانیای دیکە، ئەوە دەردەخەن کە تا چ رادەیەکی ترسناک دەسەڵاتی شاردراوە بووەتە جێگەی مەترسی بەسەر دەسەڵاتە رەسمییەکەی باشووری کوردستانەوە. **بە شاردراوەیی و لە تاریکی** هێشتنەوەی رێککەوتنە پەنجا ساڵییەکەی نێوان نێچیرڤان بارزانی و رەجەب تەیب ئەردۆغان، رێککەوتنێک کە بۆ خۆی بۆتە ناونیشان و پێناسەی ئەم حاڵەتی دوانەییەی دەسەڵات، دەربڕێکی هەرە بەرجەستەیە لە ماهییەتی دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان!

لە راستیدا پارتی و یەکێتی هەر یەکەیان بە جیا خاوەنی دوو جۆر لە دەسەڵاتن: لە لایەک دەسەڵاتی رەسمی و لە لایەکی تریشەوە دەسەڵاتی شاردراوە. ئەم حاڵەتە دوو ئاکامی زۆر

گرنگی هەبووە: ١) زۆر ئەستەمە، تەنانەت نامومکینیشە، چارەنووسی ئەم دوو حزبە، سەرەڕای هەموو جیاوازی و ململانێکانیان، لە یەکتر جیا بکرێتەوە؛ ٢) مانەوەی هەر یەکێکیان بۆ ئەوەی دیکەیان بۆتە پێشمەرج و زامنکار: ئەم دوو حزبە لە لایەکەوە لە ڕێگەی حکومەت و پەرلەمان و دەزگا رەسمییەکانی دەسەڵاتەوە، واتە **دەسەڵاتی رەسمی** و لە لایەکی تریشەوە لە ڕێگەی کۆمپانیا حزبییەکانیان و چالاکییە ئابوورییە نایاساییەکانیان و کۆمپانیا وەهمییەکانیانەوە، واتە چالاکییە ئابوورییە رەشەکانیانەوە، هەردوو دەسەڵاتی شاردراوە و رەسمییان کۆنترۆڵ کردووە. ئەوەی جێگەی گرنگیە ئەوەیە کە بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ ئەو دوو جەمسەرە (واتە دەسەڵاتی رەسمی لە لایەک وە دەسەڵاتی شاردراوە لە لایەکی ترەوە) لە ڕێگەی "هاوپەیمانی ستراتیژی" ئەو دوو حزبەوە بە یەکەوە گرێدراو و پارێزراوبوونە.

بە هەر حاڵ لە دوای کۆچی دوایی سکرتێری گشتی یەکێتی نیشتمانی (جەلال تاڵەبانی) و ئەو دۆخە ناهەموارەی ئەو حزبە دووچاری بۆتەوە چیتر پەیوەندی ئەم حزبە و پارتی لەسەر بنەمای هاوپەیمانییەکی هاوسەنگ نییە، بەڵکو دەتوانین زیاتر باس لە حاڵەتی بەبارمتەگیراوی یەکێتی لە دەسەتی پارتیدا بکەین و ئامرازی ئەم حاڵەتەی بە بارمتەگیراوییەش توێژێکی مشەخۆر و بەرژەوەندخوازی "دەسەڵاتی شاراوەی" ناو یەکێتین. ئەگەرچی لە دوای کۆنگرەی چوارەمی یەکێتی نیشتمانییەوە هەست بە خواست و هەوڵێک لە لایەن یەکێتییەوە درا بۆ رزگاربوون لەم حاڵەتی بەبارمتە گیراوییە، بەڵام ئەوەی تا ئێستا لەم هەوڵانەدا هەبووە شتێکی زیاتر نییە لە هەنگاوێک بۆ پێشەوە، بەڵام لەولاشەوە دوو هەنگاو بۆ دواوە!

* * *

لە مەسەلەی خاوەندارێەتی خەڵکی کوردستان لە ئەو نەوت و گازەی کە لە هەرێمی کوردستان هەیە، گرنگە ئەوە جەخت بکەینەوە کە هەر لە پرۆسەی نووسینەوەی دەستوردا لایەنی زۆرینەی نەتەوەی سەردەست، واتە زۆرینەی عەرەبی سەرکەوتو بوو لەوەی داخوازییەکانی لایەنی کوردی لەم بارەیەوە قەبوڵ نەکات. لە بری چارەسەرکردنی ئەم بابەتەدا لە دەستوردا بە شێوەیەکی ریشەیی و بێ پێچ و پەنا، ئەم مەسەلە هەستیارە سپێردرایە **شێوەیەک لە ناڕوونی لە دەستوری هەمیشەیی عێراقدا.** بە هەر حاڵ ئەوەی زۆر روونە، وە ئەمەشم لە لێکۆڵینەوەیەکدا کە دەربارەی دەستوری هەمیشەیی عێراق کە لە ٢٠٠٥ بڵاوکردۆتەوە، جەختکردۆتەوە.[23] لە مادەی ١١١ی دەستوردا هاتووە کە "نەوت و گاز موڵکی سەرجەم خەڵکی عێراقن لە هەموو هەرێم و پارێزگاکاندا."[24] هەرچەندە لە مادەی تری دەستوردا شتی تریش هاتوون دەربارەی نەوت و گاز، وەک بۆ نمونە، ئیدارەی هاوبەش لە کێڵگەکانی نەوت و گاز کە دەڵێت "حکومەتی فیدراڵی لەگەڵ هەرێم و پارێزگا بەرهەمهێنەرەکان نەوت و گازی بەرهەمهێنراوی کێڵگەکانی

[23] بورهان أ. یاسین، "گەمەی دەستور و چارەنووسی باشووری کوردستان" سوید ٢٠٠٥/١٠/١، (لە هەندێک ماڵپەڕی کوردیدا بڵاوبۆتەوە). دواتر ئەم بابەتە لە کتێبی: بورهان أ. یاسین، *عێراقی دوای سەدام و چارەنووسی باشووری کوردستان*، دهۆک: مەتین، ٢٠٠٨، لاپەڕە ١٥٣–١٨٣.

[24] ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، فەرمانگەی راگەیاندن *دەستوری کۆماری عێراق*، ؟ ؟.

ئێستا بەڕێوە دەبات."[25] بەڵام لە راستیدا ئەو شتەی یەکلاکەرەوەو هەرە گرنگە مادەی ١١١یە، کە زۆر تەفسیر هەڵناگریَ و، **بێ پەنا و پێچ**، ماف بە هەرێم و پارێزگا بەرهەمهێنەرەکان نادات کە داهاتی نەوت و گاز بۆ خۆیان گلبدەنەوە! ئەمە لە کاتێکدایە کە لە سەرەتادا، لە پرۆسەی کارکردن بۆ نووسینەوەی دەستوری هەمیشەیی عێراق، لایەنی کوردی بانگەشەی بۆ هەندێک هێڵی سوور دەکرد، کە بۆ نموونە هێڵێک لەو هێڵە سوورانە بریتی بوو لەوەی کە داهاتی ئەو نەوت و گازەی لە هەرێمی کوردستان دەردەهێنرێت بە رێژەی ٦٥% بۆ هەرێم بێت و ٣٥% بۆ دەستهەڵاتی ئیتحادی بێت و ٥% بۆ ئەو شارە بێت کە ئەو نەوت یا گازەی لێدەردەهێندرێت. بەڵام ئاشکرایە کە بە هیچ شێوەیەک لە ناو ڕەشنووسی ئەم دەستورەدا ئەم داخوازییە، یا هێڵە سوورە کوردستانییە، جێگەی نەکراوەتەوە.[26] ئەوە لە کاتێکدایە، یەکسەر دوای تەواوبوونی پرۆسەی نووسینەوەی دەستور، لە لایەنی کوردییەوە ئەوە راگەیەندرا کە، کەم یا زۆر، ١٠٠%ی داخوازییەکانی کورد لە دەستوردا جێگایان کراوەتەوە. بۆ نموونە دوای کۆتاییهاتنی پرۆسەی نووسینەوەی دەستور د. سەعدی بەرزنجی، ئەندامی لیژنەی دەستوری، ئەوەی راگەیاند کە "خواستەکانی گەلی کورد کە وەکو هێڵی سوور وابوون هەمووی دەقنووسکراون."[27] ئەم بۆچوونە زۆر نزیکە لەوەی ئازاد بەرواری (ئەندامی بیرۆی سیاسی پدک) کە، دوای کۆتاییهاتنی گفتوگۆ لەسەر ڕەشنووسی دەستور، رایگەیاندن کە ٩٨% لە خواستەکانی خەڵکی کوردستان لەو ڕەشنووسەدا هاتوونەتەدی.[28] لە ڕاستیدا ئەوەی کە دەربارەی **خاوەندارییتی لە نەوت و گاز و داهاتەکانییان، کە** لە دەستوری هەمیشەیی عێراقدا هاتوە، دوور لە هەموو **وردەکارییەکی ئیداری و تەکنیکی**، زۆر لەوە زیاتر نییە کە، دەربارەی هەمان بابەت، لە (ئۆتۆنۆمی ناوچەی کوردستان)ی رژێمی بەعس لە بەیاننامەی ١١ی ئاداری ١٩٧٠دا هاتبوو، بە واتای جەختکردنەوە لەوەی نەوت و گاز مولکی هەموو گەلی عێراقە!

لایەنێکی زۆر گرنگی کێشەی "دەسەڵاتەکان" لە نێوان هەرێم و بەغدا، بە تایبەتی لە بابەتی نەوت و گاز و زۆر بابەتی دیکەش، گرنگە بزانریَ ئەوەیە کە زۆرێک لەو دەسەڵاتانەی کە هەرێمی کوردستان لە دوای کۆتایی رژێمی سەدام حوسەین هەرێم پەیڕەوی کردوون زیاتر هی "ئەمری واقیعن" (de facto)ن تا هی **بڕیار و دانپیانانی یاسا** (de jure) و دەستور بن. یا دەکریَ بە شێوەیەکی دیکە بڵێین لە (٢٠٠٥)ەوە دوو جۆری دەسەڵاتی هاوتەریب، بەڵام بە شێوەیەکی ئاڵۆز هەڵکێش لە یەکتردا، لە هەرێمی کوردستان پەیڕەو کراون، کە یەکێکیان ئەو دەسەڵاتانەن کە پشت ئەستورن بە دەستوری هەمیشەیی عێراق، بەڵام لەولاشەوە دەسەڵاتە

---

[25] هەمان سەرچاوە مادەی ١١٢، یەکەم.

[26] بورهان أ. یاسین، "گەمەی دەستور و چارەنووسی باشووری کوردستان" لە، *عێراقی دوای سەدام و چارەنووسی باشووری کوردستان*، دهۆک: مەتین، ٢٠٠٨، لاپەڕە ١٦٩.

[27] ڕۆژنامەی *خەبات*، ٢٠٠٥/٩/٢١، لاپەڕە ٣.

[28] ڕاگەیاندنی ئازاد بەرواری دەربارەی کۆتاییهاتنی گفتوگۆکانی دەستور. کە چی لە لایەکی ترەوە فەلەکەدین کاکەیی، وەکو هێما بۆ ئەو ڕاگەیاندنەی ئازاد بەرواری، دەڵێ "بڕواناکەم ئەو دەستورە ٩٨%ی داخوازیەکانی کوردی تێدابێ، بەڵام ٧٥%ی ئەوەی ویستمان تێدا هاتەدی". بڕوانە *میدیا*، ٢٠٠٥/٩/٦، لاپەڕە ٦.

هاوتەرییەکەیان، واتە ئەو دەسەڵاتانەی کە زیاتر هی (**ئەمری واقیع**)ن. بەم واتایەش، ئەو ململانێیەی ئەمڕۆ لە نێوان هەرێم و بەغدا هەیە نەک هەر هی جیاوازی و ناکۆکییەکانە لە تەفسیرکردنی جیاوازی مادەکانی دەستور، بەڵکو رێک ململانێیە لە نێوان دەسەڵاتی ئەمری واقیع لە لایەک، وە دەسەڵاتی دانپیانراو و قەبوڵکراو لە لایەن دەستوری عێراقەوە لە لایەکی ترەوە، کە، لە باشترین حاڵەتدا، بە بەهانەی **جیاوازی لە تەفسیری دەستوردا** پەیڕەو دەکرێن. گرنگیشە ئەوە بڵێین کە دەسەڵاتەکانی ئەمری واقیع لە هەرێمی کوردستان هی کۆمەڵێک پێدراو و رووداوی یەک لە دوای یەکن کە لە ١٩٩١وە دەستپێدەکەن تا کەوتنی رژێمی سەدام وە لە کەڵەکەبوونیاندا دەرفەتی زێڕینیان بە هەرێمی کوردستان بەخشی کە دەسەڵاتێک دابمەزرێنێ کە دواجار دوای رووخانی رژێمی بەعس هیچ لایەنێک نەتوانی ئەم دەسەڵاتی ئەمری واقیعە بە نادیدە بگرێ یا نکوڵی لێ بکات. گرنگترین ئەو پێدرا و رووداوانەش ئەمانەبوون: بڕیاری ٦٨٨ی نەتەوە یەکگرتووەکانی ئەپریلی ١٩٩١، هێڵی دژەفڕینی ٣٦، کشانەوەی هێز و ئیدراەی رژێم لەو ناوچانەی کە ئێستا هەرێمی کوردستان پێک دەهێنن، مامەڵەی بەشێک لە وڵاتانی جیهان لەگەڵ ئەم دەسەڵاتی ئەمری واقیعەی هەرێم. ئەم پێشوەچوونە لە هەرێم لە نێوان ١٩٩١ و ٢٠٠٣ بەشی ئەوەیان کرد کە هەرێم بەر لە کەوتنی رژێمی سەدام حوسەین دەسەڵاتێکی "نیمچە سەربەخۆی" هەبێت. بەڵام ئەوە شتێکی ترە کاتێک سەرانی کورد ئەوەیان قەبوڵ کرد کە بەم "نیمچە سەربەخۆییەوە" بچنە بەغدا و ببن بە بەشێک لە پرۆژەی سەرلەنوێ دامەزراندنەوەی دەوڵەتی عێراق، بەڵام لەو سەرەوە، واتە لە بەغداوە، بە دەستورێکەوە بگەڕێنەوە کە ئەم "نیمچە سەربەخۆییە" لە قاڵبدەدات بە کۆمەڵێک سنووردارکردنی جیدی لە دەسەڵاتەکاندا، دەستورێک کە دواجار تەنانەت، کەم یا زۆر، ٧٥% خەڵکی کوردستان لە ریفراندەمێکدا دەنگی بە دەستورەکە دا. . . جگە لەمەش، هەندێک لە پێدراو و رووداوە یارمەتیدەرەکان بۆ پەیرەوکردنی دەسەڵاتی ئەمری واقیع هی دوای کەوتنی رژێمن، لەوانەش بەرهەڵستکاری دژی ئەمریکا، تێرۆری ئەلقاعیدە، حاڵەتی فەوزای گشتی لە عێراق عەرەبی(واتە بەشی عەرەبی لە عێراق) وە بە تایبەتی شەڕی داعش، هەموویان یارمەتیدەر بوون لە بەهێزکردنی ئەم دەسەڵاتی ئەمری واقیعە.

* * *

شتێکی هەرە سەرەکی لە تێگەیشتنی دۆسییە هەرە هەستیارەکەی نەوت و گاز، ئەوەیە کە چیتر گرنگیی مەسەلەی نەوت و گاز **لە ژمارەکاندا نییە** (وەک بۆ نموونە چەند بەرمیل یا چەند مەتر سێجا، وە یا بە چەند دۆلار و... هتد)، بەڵکو مەسەلەی هەرە گرنگ کێ و کام لایەن تەحەکوم بە بەرهەمهێنانی نەوت و گاز و گەیاندنیان بە بازاڕ دەکات و **کێ و کام لایەنی دەسەڵات بەرژەوەندی کۆمپانیا نەوتییەکان و ئەو وڵاتانەی کە خۆیان لە پشت ئەم کۆمپانیانە حەشار داوە، زامن دەکات و دەپارێزێ.**

ئەوەی کە پێویستە هەر زوو جەختی لەسەر بکرێتەوە ئەوەیە کە کۆدەکانی هەموو رەهەند و ئاستە ئابووری و سیاسییە گرنگەکانی بواری نەوت و گاز، بە تەواوەتی لە دەستی پارتی دیمۆکراتی کوردستاندان. (هەڵبەتە ئەم کۆدانە لە پارتیشدا بە دەست بنەماڵەیەک و لەو

بنەماڵەیەشدا زیاتر لە دەست نێچیرڤان بارزانیدان). بەم مانایەش هەر هێزێکی سیاسی بیەوێ دەسەڵات بە تەواوەتی بە دەست بهێنێ، بە واتای ئەوەی ببێ بە هێزی سەرەکی و خۆی حکومەت پێک بهێنێ، یا تەنانەت ببێ بە **هاوبەش (شریک)ێکی راستەقینە** لە حکومەتدا، ناتوانێ لە هەردوو حاڵەتدا ئەوە بکات **ئەگەر کۆدی نەوتی لەدەستدا نەبێت**، یا هەر نەبێ بە "هاوبەشی" **تەحەکومی راستەقینە بە کۆدەکانی ئەم دۆسیەیەوە نەکات!**

بەم واتایەش هەر هێزێکی سیاسی بەر لەوەی، یا هەر نەبی هاوتەریب لەگەڵ ئەوەی، باسی هەڵبژاردن بکات وەک ئامرازی گەیشتن بە دەسەڵات، ئەوا دەبێ زووتر بیر لە دۆسیەی نەوت و گاز بکاتەوە و **مشووری ئەوە بخوات کە ئایا چۆن لە داهاتودا مامەڵە لەگەل ئەو دۆسیەیەدا دەکرێ وە کۆدەکانی ئەم دۆسیەیە لە دەستی کێ و کام هێزدا دەبن**. بەبێ ئەم شێوازە لە نزیکبوونەوە دەبێ هەر زوو بڵێین کە **"دەرهاوێشتەی هەڵبژاردن هەر چی دەبێت با ببێ، بەڵام بە ئەگەری زۆر لە داهاتووشدا کلیلی حکومەت و دەسەڵات هەر لە دەستی ئەوانەدا یا ئەو حزبەدا دەبێت کە کۆدی نەوت و گازی لەدەستدایە."**

لە ئێستادا راستییەکی حاشاهەڵنەگر ئەوەیە کە پارتی خاوەنی کلیلی ئەو سەندوقەیە کە کۆدی دۆسیەی نەوت و گازی تیایە، ئەوانەی ئەم کلیلەشیان لە دەستدا بێت ئەوا کلیلی چوار دۆسیەی هەرە گرنگی پەیوەندیدار بە نەوت و گازیان بەدەسەتەوە دەبێت: **یەکەم**، دۆسیەی ئابووری هەرێم، گوزەرانی خەڵک، گەشەسەندنی ئابووری و کۆمەڵایەتی، پرۆژەی زەبەللاحی وەبەرهێنان و ...هتد. بەڵام لەوەش گرنگتر بودجەیەکی زەبەللاح و بێ هەژماریشی "لە تاریکیدا" لە دەستدا دەبێت بۆ کڕینی دەنگ، دامەزراندنی بندیوار، ئیدارەدانی ئیمپراتۆرییەکی زەبەلاحی میدیایی، لەشکرێک لە میدیاکار. . . هتد؛ **دووەم**، دۆسیەی پەیوەندییەکانی هەرێم لەگەڵ بەغدا؛ **سێهەم**، دۆسیەی پەیوەندییە ئیقلیمییەکان؛ **چوارەم**، پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان. (دواتر بە وردەکاری زیاترەوە دەگەڕێمەوە سەر باسی ئەم چوار ئاستە).

مێژووی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست پڕیەتی لە نموونەی ئەو ئەزموونە سیاسییانەی کە نەوت تیایاندا کرۆکی بوون و گەشەکردنیان یا بە پێچەوانەوە واتە پوکانەوە و روخانیان بووە. زۆر بە تایبەتی گۆڕینی رژێم، کودەتا، هەوڵەکانی خۆماڵیکردن (بە هەردوو جۆرەکەی، واتە خۆماڵیکردنی سەرکەوتوو یا شکستخواردوو) و . . . هتد، چیرۆکی دوانەی دەسەڵاتی سیاسی و نەوت بووە لە بەشێک لە وڵاتانی جیهان. ئەزموونەکەی د. محەمەد موسەدەق زۆر راستیمان لە بارەی ئەم جۆرە ئەزموونانە پێ دەڵێ. گرنگترین شتگەلێک کە لە چیرۆک و بەسەرهاتی موسەدەق تێبینی دەکرێن ئەمانەن: ١- چۆن و کەی دەسەڵاتدارێک دەست بۆ ئەم دۆسیە هەستیارە دەبات؟؛ ٢- ئەم دەستبردنە چ رۆڵێکی هەیە لە مانەوە لە دەسەڵات یا لەدەستدانی؛ ٣- ئەوانەی "بوێری" دەکەن و دەست بۆ دۆسیە هەستیارەکەی نەوت دەبەن، بۆ نموونە ئەم سامانە سروشتییە خۆماڵیی دەکەن، دەبێ چاوەڕوانی چی بکەن، وە چی دەکەن بۆ ئەوەی لەم دەستبردنەدا سەرکەوتوو بن؟؛

٤- پشتگیری خەڵک بۆ دەسەڵاتدارێک وە خۆشەویستی خەڵک بۆ ئەم دەسەڵاتدارە، چەند دەبێت با ببێ، بەڵام دیسان ئەم خۆشەویستی و پشتگیرییە بەشی ئەوە ناکات کە ئەم دەسەڵاتدارە سەرکەوتوو بێت و لە دەسەڵاتدا بمێنێتەوە **ئەگەر دەستی بۆ دۆسیەی هەستیاری نەوت برد، بە تایبەتی خۆماڵیکردنی.** ئەم چوار خاڵە بە یەکەوە و لە یەک کات و چیرۆکدا ئەو تابلۆیە مێژووییەمان بۆ دەکێشین کە تیایدا د. موسەدەق دەگات بە لوتکە لە پشتگیریی بێ هاوتا و لوتکەی دەسەڵات لە ئێران، بەڵام دواتر ئەم خۆماڵیکردنە دەبێتەوە بە هۆی نسکۆ و لەدەستدانی دەسەڵات![29]

* * *

هەڵبەتە بابەتی نەوت و گاز زۆری لەسەر گوتراوە و رۆژانە زۆری تریشی لەسەر دەگوترێ، کە بەشی زۆری دووبارەیە و زۆر یارمەتیدەر نییە بۆ تێگەیشتن لە هەستیاری و گرنگیی دۆسیەکە.

جارێ زۆر گرنگە ئەو راستییە لەبەر چاو بگرین کە دۆسیەی نەوت و گاز لە هەرێمی کوردستان، تا رادەیەکی یەکجار زۆر، **لە دەرەوەی پرۆسەی پەرلەمانیدایە.** هەر پەیوەندیدار بەم رەهەندەوە، دەرەنجامەکانی هەڵبژاردن چی دەبن با ببن، بەڵام دیسان ئەم دۆسیەیە دیسان تا رادەیەکی زۆر دەکەوێتە **دەرەوەی کاریگەری دەرەنجامەکانی هەڵبژاردن**، چونکە دۆسیەکە تا رادەیەکی زۆر لە دەرەوەی پرۆسەی پەرلەمانیدا مامەڵەی لەتەکدا دەکرێت! بەم واتایەش ئەوانەی ئەم دۆسیەیان لە دەستدایە هەر ئەوانەن کە لە بەردەوامیشدا دەسەڵات لە دەستیاندا دەمێنێتەوە. من پێم وایە پارتی، خانەوادەی بارزانی وە زۆر بە تایبەتی نێچیرڤان بارزانی، بەو شێوازەی کە مامەڵەیان لەگەڵ ئەم دۆسیەیەدا کردووە، ئەم ئاکامانەی خوارەوەی لێ کەوتۆتەوە، تەنانەت لە داهاتوشدا هەر وا دەمێنێتەوە، ئەگەر هاوسەنگی هێز لە هەرێمی کوردستان گۆڕانکاری ریشەیی بەسەردا نەیەت و دۆسیەی نەوت و گاز لە تاریکییەوە نەیەتە رووناکییەوە و نەبێت بە پرۆسەیەکی تەواو پەرلەمانی و شەفاف.

کەواتە دەبێ بپرسین ئایا ئەو ئاکامانە چین کە لە بە بارمتەگرتنی کۆدەکانی نەوت، لە لایەن پارتی و بنەماڵەی بارزانی دەکەونەوە؟ لەم بەشەی نووسراوی بەردەستدا هەوڵ دەدەم، لە رۆشنایی چوار خاڵی پێشتر دەربارەی ئاستەکانی گەندەڵی وەڵامی ئەم پرسیارە بدەمەوە، واتە

---

[29] بۆ یەکێک لە باشترین سەرچاوەکان کە باس لە نەوت و گاز بە پەیوەندی لەگەڵ ئابووری و دەسەڵات بڕوانە:
Daniel Yergin, *The Prize: The Quest for Oil, Mony & Power,* (London…: Simon & Schuster, 2008).
بە تایبەتی بەسەرهاتی د محەمەد موسەدەق زۆر سەرنجڕاکێشە لە دوانەی نەوت و دەسەڵات. ئەمە یەکێکە لە بەسەرهاتە هەرە سەرنجڕاکێشەکان لە بارەی خۆماڵیکردنی نەوت، وەک ئامرازێکی هەرە کاریگەر لە بەدەستهێنانی پشتگیرییەکی جەماوەری، تا رادەیەک، بێهاوتا لە مێژووی مۆدێرنی ئێران، بەڵام هەر هەمان خۆماڵیکردنیش هەر زوو بووەتەوە بە هۆی لەدەستدانی دەسەڵات. کەواتە "چەکی نەوت" وەک شیرێکی دوو سەرە، دەکرێ بتگەیەنێ بە دەسەڵات و دەسەڵاتەکەت بۆ ماوەیەک جێگیر و بەهێز بکات، بەڵام لەولاشەوە دەکرێ هەر نەوت ببێ بە هۆی لەدەستدانی هەمان دەسەڵات. بۆ بەسەرهاتی موسەدەق بەتایبەتی بڕوانە Yergin, *The Prize. . .*, 2008, pp. 438-444

گرێدانی دوو شتی گەوهەری بە یەکەوە، واتە گەندەڵی لە لایەک، لە چوار ئاستدا، وە دۆسیەی نەوت و گاز لە لایەکی ترەوە، لەوێشەوە گەندەڵبوونی ئەوەی پێی دەگوترێ ئەزموونی باشوری کوردستان و تەنانەت تەواوی رەوتی کوردایەتی لەو بەشەی کوردستان:

**١) لە ئاستی ناوخۆیی هەرێمدا:**

أ- گوزەرانی خەڵک و چالاکیە ئابوورییەکان بە تەواوەتی وابەستەی کەرتی نەوت و گاز کراون، وە کۆدەکانی کەرتەکەش لە ناو "سەندوقێک" لە تاریکیدا، حەشاردراون؛ ب- نەوت بووەتە سەرچاوە و ئامرازی باڵادەستیی دوو هێزی سیاسی (پارتی و یەکێتی)، زۆر بە تایبەتی باڵادەستیی رەهای پارتی. هەروەها بۆتە سەرچاوەی هێز و مانەوەی توێژێکی چاوبرسی و چاوچنۆکی دەسەڵاتدار، کە هەر ئەم توێژە چاوبرسی و تەماحەش، خۆی لە خۆیدا، دەمێکە بووەتە مەترسی هەرە گەورە لەسەر هەنووکە و دوارۆژی هەرێمی کوردستان؛ ج- دەسەڵات، دوور لە رۆڵی دامەزراوە شەرعییەکان، نەک هەر لە رابردوو و لە ئێستادا وابەستەی ئەم دۆسیەیە کراوە، بەڵکو بۆ داهاتووش ئەم دۆسیەیە، تەنانەت چارەنووسی دەسەڵاتی داهاتووی هەرێمی کوردستان دیاری دەکات، ئەگەر گۆڕانکاری ریشەیی بەسەر ئیدارەدانی دۆسیەکەدا نەیەت؛ د- هەر **نەوت و گاز**، لە پاڵیشیاندا سەرچاوەکانی تری دەرامەت، بە تایبەتی دەروازە گومرگییەکان، دەرفەتی بە دوو حزبی دەسەڵات داوە، بە تایبەتی پارتی، کە لەشکرێک لە میدیاکار و بێ هەژمار ئامرازی میدایی و رێکخراوی سیخوڕی و هەواڵگیری و میلیشیای تایبەت بە حزب و لەشکرێک بندیوار و . . .هتد بژێنێ، کە ئەمانەش هەمووی کۆمەڵێک رەگەز و بنەمای گرنگی راگرتنی دەسەڵاتن. ئەوەتا لە ٢٠٢١/١١/١٥دا رێواز فایەق (سەرۆکی پەرلەمان) دەڵێ داهاتی نەوت ٩٠٠ ملیۆن دۆلارە، بەڵام ئەوەی "دەچێتە خەزێنەی وەزارەتی دارایی" تەنها ٣٥٠ ملیۆن دۆلارە. هەروەها دەشڵێت کە ٥٥٠ ملیۆن دۆلار لە داهاتی نەوت بۆ حکومەت ناگەڕێتەوە.[30] هەر ئەم راگەیاندنەی سەرۆکی پەرلەمان ئەو راستییە پشتڕاست دەکاتەوە کە تا چ رادەیەک دۆسیەی نەوت و گاز، دوور لە کۆنترۆڵ و دەسەڵاتی پەرلەمان، دادوەری و میکانیزمەکانی چاودێری دارایی، ئیدارە دەدرێ. راستییە تاڵەکە ئەوەیە کە دەکرێ رۆژنامەنووسێکیش پەردە لەسەر ئەم ژمارانە لابدا کە سەرۆکی پەرلەمان باسیان دەکات، بەڵام ئایا لەیەکچوون لە نێوان سەرۆکی پەرلەمان و ئەو رۆژنامەنووسە چییە کە باس لە هەمان راستی دەکەن؟ وەڵامەکەی ئاسانە: هەردووکیان **بێبەشن لە دەسەڵاتی راستەقینە** لە دۆسیەی نەوت و گازدا، هەردووکیان وەک یەکەن، هەر ئەمەشە رۆحی کێشەکە!

**٢) لە ئاستی پەیوەندی لەگەڵ بەغدا:**

لە ساڵانی رابردوودا، وە بە تایبەتی لە مانگ و هەفتەکانی دوای ریفراندەمەکەی سێپتێمبەری ٢٠١٧ و هەرەسی ١٦ی ئۆکتۆبەری هەر ئەو ساڵە، بە روونی دەرکەوت کە زۆربەی دۆسیەکانی

[30] بڕوانە بۆ نموونە: https://nrttv.com/detail/4794 دەستگەیشتن ٢٠٢١/١١/١٥

تر لەگەڵ بەغدا دەکرێ "پشتگوێ بخرێن" تەنها ئەو دۆسیانە نەبێت کە بۆ دەسەڵاتداران سەرچاوەی داهاتن، واتە نەوت و گاز و خاڵە سنوورییەکان و فرۆکەخانەکان. ئەوەی لەم نێوەندەدا دەبێتە قوربانی هەندێ مەسەلەی "هەڵپسێردراو و جێی ناکۆکین" لەگەڵ بەغدا، کە بە هەر حاڵ مەسەلەی هەرە ستراتیژین، **بە تایبەتی مەسەلەی خاک!** بە واتایەکی دیکە، هیچ ئاسۆیەک بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی هەرێم و بەغدا نابینرێ، چوونکە رەهەندە نایاسایی و ناڕوون و شاردراوەکانی دۆسیەکانی نەوت و گاز، گومرگ و فڕۆکەخانەکان "بەو شێوەیەی کە لە دیوی هەرێمەوە مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێ" لەگەڵ رۆحی دەستووری عێراقدا یەکانگیر نین. زۆر بە کورتی و زۆر بە چڕی: ناکرێ و نەگونجاوە کە لە کاتێکدا لایەنی کوردیی داوای جێبەجێکرنی دەستور بکات، کەچی لە لایەکی ترەوە، دۆسیەی نەوت و گاز و هەندێ دۆسیەی تر بەو ناشەفافییە بمێننەوە: لە لایەکەوە بەغدا موچەی موچەخۆران بنێرێ بەڵام دەسەڵاتدارانی هەرێم بەردەوام بن لە سیاسەتی هێشتنەوەی ئەم دۆسیە هەستیارانە **لە تاریکیدا** و **هیچ بڕە نەوتێک و داهاتەکانی ناوخۆ رادەستی بەغدا نەکەنەوە.** دەرەنجام: **لە ئێستادا کلیلەکانی چارەسەری هەموو کێشەکانی دیکە لەگەڵ بەغدا بارمتەی دەستی دۆسیە ناڕوون و ناشەفافەکەی نەوت و گازن.** بەردەوام بوون لەسەر ئەم سیاسەتە دەکرێ سەرکێشیەکی ئەوتۆ مەترسیدار بێت (لە جۆری سەرکێشییەکەی ریفراندەم) کە دواجار وجودی تەواوی ئەوەی پێی دەگوترێ "قەوارە و ئەزموونی هەرێمی کوردستان" بخاتە ژێر مەترسی و هەڕەشەی یەکلاکەرەوە و چارەنووسساز!

دەمێکە، وە بە تایبەتی لە دوای ریفراندەمەکەی ٢٠١٧/٩/٢٥ و کاریسەکەی ١٦ی ئۆکتوبەری (٢٠١٧)ەوە، مەسەلەی رێککەوتنی هەولێر و بەغدا بە توندی بووە بە زەرورەتێکی هەنووکەیی. بەڵام هەر وەک لە نووسراوێکی پێشترمدا ئەوەم جەختکردۆتەوە، ئەم حکومەتەی کە ئێستا لە هەرێم فەرمانڕەوایی بەدەستەوەیە بە هیچ شێوەیەک ناتوانێت لەسەر بنچینەی دەستوری عێراق و شەفافیەت لە هەموو دۆسیەکاندا، بە تایبەتی دۆسیەی نەوت و گاز، لەگەڵ بەغدا رێک بکەوێ.[31] ئەمەش زۆر بە تایبەتی لەبەر هۆیەکی سادە: لە ساڵانی رابردوودا هەرێمی کوردستان بە توندی خراوەتە **حاڵەتی وابەستەییەکی ئابووری مەترسیدار لەگەڵ تورکیا و کۆمپانیا نەوتییەکان،** کە **هەرگیز ئەم وابەستەییە رێگە بەم حکومەتە نادات کە بە شێوەیەکی سەربەخۆ، کراوە و لەسەر رێچکەی کۆمەڵێک یاسا و دەستور و شەفافبوون لەگەڵ بەغدا رێکبکەوێ.** لە راستیدا دەتوانین بە ئاسانی بڵێین کە ئەم وابەستەییە بە تورکیا و کۆمپانیا نەوتی و گازییەکان ئەوەندە مەترسیدارە ئیتر گەیشتۆتە ئاستی ئەوەی کە گرێبەستییە نەوتییەکان، بەڵام زۆر بە تایبەتی رێککەوتنە پەنجا ساڵییەکەی نێچیرڤان-ئەردۆغان، هەرێمی کوردستانییان کردووە بە "**نیمچە کۆلۆنییەک**" بۆ کۆمپانیا نەوتییەکان و ئەو وڵاتانەی لە پشت ئەو کۆمپانیانەوەن، **زۆر بە تایبەتی تورکیا!**

---

[31] بڕوانە "کاتێک سیاسەتی فرتوفێڵ کاریسە قوڵتر و هەڵدێریش مەترسیدارتر دەکات"، ٣٠ی نۆڤەمبەری ٢٠١٧، http://burhanyassin.com/Siyaseti%20Firtufell%2011.2017.pdf

٣) له ړووی ئیقلیمییەوە:

ئەم ئاستەی کێشەکە زۆر پەیوەندیدارە بە ئاستی پێشترەوە (خاڵی دووەم، سەرەوە) چونکە ئەم ئاستە ئیقلیمییە گرێدراوی هەندێک رەهەندن کە تێکهەڵکێشن لە نێوان ئاستی ئیقلیمی کێشەکە و ئاستە "عێراقییەکە" واتە پەیوەندی نێوان هەولێر و بەغدا.

دەسەڵاتدارانی ئەمڕۆی هەرێم چارەنووسی هەرێم و دەسەڵاتی داهاتووی ئەم هەرێمەیان، لە ئاستی ئیقلیمیدا، بە کۆمەڵێک مامەڵە –لەسەر نەوت و گاز- بە هێزێکی ئیقلیمی (بە دیاریکراوی تورکیا)وە گرێداوە و وابەستە کردووە. ئەم گرێدانە هەرنەبێ سێ رەهەندی گرنگی هەن: أ- ئەم گرێدان و وابەستەییە، هەر وەک لە سەرەوە وترا، بۆتە کۆسپ و رێگرێکی هەرە گەورە لەمەڕ چارەسەرێکی دەستورییانەی دۆسیەی نەوت و گاز لە نێوان هەرێم و بەغدادا؛ ب- ئەم گرێدان و وابەستەکردنە بە تورکیاوە بە توندی و بە شێوەیەکی نەرێنی بەرژەوەندییەکانی ئێران پەیوەندیدار دەکات. ئەمەش وا دەکات کە ئێران بە ئامراز و رێگەی تر، راستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ، هەوڵێ ئەوە بدات تۆڵە لە هەرێمی کوردستان بسەنێتەوە؛ ج- تورکیا لە مەسەلەی گۆڕانکاری ریشەیی لە دەسەڵاتی هەرێمدا بێ لایەن و بێ کاردانەوە ناوەستێ، بەڵکو هەر لە ئێستاوە دەخوازێ بزانێ دەسەڵاتی هەرێم چ گۆڕانکارییەکی سیاسیی بەسەردا دێت، وە ئایا تا چ رادەیەک ئەم گۆڕانکارییانە لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی تورکیا یەکانگیر دەبن. شاردراوە نییە کە ئەم بەرژەوەندییانە تا ئێستا لەسەر دەستی پارتییەوە بە باشترین شێوە پارێزراون. تورکیا زۆر مەبەستیەتی و بۆشی گرنگە کە، لە هەر پێشوەچوونێکی سیاسیدا لە هەرێم، بەرژەوەندییەکانی لە دۆسیەی نەوت و گازدا **پارێزراو بن نەک پێچەوانەکەی!** کێشەکەش ئەوەیە کە ئەوەی پارتی و یەکێتی، بە تایبەتی پارتی، ئامادەن بۆ هێزە ئیقلیمییەکانیان قەبووڵیان بێت، مەرج نییە هێزە سیاسییەکانی تری هەرێمی کوردستان هەمان شت قەبوول بکەن، هەڵبەتە لەبەر زۆر ئیعتیبار؛ د- دەکرێ لە ئێستادا، وە روو لە داهاتوویەکی نزیک یا مامناوەندیدا، مەترسییەکی گەورە بخەینە روو ئەویش **سیناریۆیی رێکەوتنی بەغدا و ئەنکەرەیە.** هەرچەندە راستە پەیوەندییەکانی پارتی لەگەڵ تورکیا تەنها لەسەر دۆسییەی نەوت و گاز نییە بەڵکو پەیوەندییەکی زۆر فرەڕەهەند و فراوانترە و باڵ دەکێشی بۆ دیدی هاوبەش لەسەر رۆژئاوای کوردستان، بوونی پەکەکە لە باشور و هەندێ بابەتی تر، بەڵام ئەگەر تورکیا لە لایەن بەغداوە بە جددی بەرورووی دوو بژاردە کرایەوە: یەکەم، بەردەوام بوون بە مامەڵەی "نادەستورییانە بە نەوت و گازی هەرێمەوە" یا رێککەوتن لەگەڵ بەغدا وە کۆتاییهێنان بەو پەیوەندییەی کە هەیەتی لەگەڵ هەرێم (یا راستتر بڵێین لەگەڵ پارتی و بنەماڵەی بارزانی)؛ یا دووەم بژاردە و ئەگەر، کە ئەویش دۆڕاندنی ئەو کەیسەیە کە لەبەردەم دادگای هۆبەی بازرگانی لە پاریس هەیە، کە ژیاندنەوەنەشی لە ماوەی داهاتوودا ئەگەرێکی کراوە و بەهێزە، یا ریسککردن و بەردەوام بوون لەسەر رێککەوتنە پەنجا ساڵییەکە. جا لێرەدا دەکرێ مەترسی هەرە گەورەی داهاتوو ئەوە بێت کە دواجار تورکیا لە نێوان ئەگەر و ریسکەکاندا بڕیار لەسەر ئەوە بدات کە

کۆدەکانی نەوت و گازی هەرێم رادەستی بەغدا بکات، هەر وەک چۆن ٤٧ ساڵ بەر لە ئێستا بە پێی رێککەوتنی جەزائیر شای ئێران کۆدەکانی جوڵانەوەی چەکداری باشوری کوردستانی رادەستی سەدام حوسەین کرد، کە دەمێک بوو سەرکردەی جووڵانەوەکە مەلا مستەفای بارزانی ئەو کۆدانەی رادەستی شای ئێرانی کردبوو، وە بەم پێیەش ماهیەتی "شۆڕشی" گەلێکی ستەملێکراوی گۆڕیبوو بە "شەڕی بە وەکالەت" (proxy war)![32]

٤) لە ئاستی **نێودەوڵەتییەوە**: هەڵبەتە ئەم بەشەیان ئاڵۆزە: أ- ئەو دەوڵەتانەی کە بەرژەوەندی نەوتی و گازییان هەیە لە هەرێم و بەرژەوەندییان لەم دۆسیەیەدا هەیە، لەم ئاستەدا پەیوەندیدار دەبن. ئەوەی گرنگە لێرەدا تێگەیشتنی ئەم وڵاتانەیە لە شێوازی پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان بە باشترین شێوە لە دۆسیەی نەوت و گازی هەرێمدا ، دەکرێ یەکێکیش لەم شێوازانەی پاراستنی بەرژەوەندی پشتگیریکردن بێت، بە راستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ، بۆ مانەوەی دوو هێزە سەرەکییەکەی هەرێم لە دەسەڵاتدا، بە تایبەتی پارتی؛ ب- کۆمپانیا نەوتییەکان، کە هەندێکیان هەر وەک دەسەڵاتی سیاسی لە هەرێم دەربڕی دوو بنەمان، یەکێکیان رەسمی و ئەوەی تریشیان "شاراوە." زۆرێک لە کۆمپانیا رووسییەکان (بە تایبەتی روسنەفت) ئەم سیفەتەیان هەیە، کە تیایدا دەوڵەت لە لایەک وە **ئۆلیگارکەکانی روسیا** لە لایەکی ترەوە سوودمەندن، رێک وەک ئەو حاڵەتەی کە لە دەسەڵاتی هەرێمی کوردستاندا هەیە: ئۆلیگارکەکانی دەسەڵاتی کوردی بەشی شێریان لە خێر و بێری نەوت دەستدەکەوێ؛ ج- عەڕابەکانی نەوت. ئەمە ئەو کەسە بیانییانە دەگرێتەوە کە لە دۆسیەی نەوت و گازدا سودمەند و خاوەن کاریگەریین، کە بێگومان لێرەشدا گەندەڵی رۆڵێکی باڵای هەیە لە شێوازی کار و چالاکی ئەم "عەڕابانەدا."

## دەرەنجام

نووسین دەربارەی پێشوەچوونەکان کە لە کاتی رووداودان و هێشتان هەموو ئەگەرێک بەڕووی پێشوەچوونەکانەوە کراوەن، لە رووی زانستییەوە کارێکی ئاسان نییە، تەنانەت ئاستەمیشە. رووداوەکان نەک هەر ماوەی رۆژێک بۆ رۆژێکی تر، بەڵکو بە کاتژمێر دەگۆڕێن. لە داهاتوویەکی نزیکدا زۆر شت روون دەبنەوە و ئاراستەی رووداوەکان روونتر دەبێتەوە، کاتێک سەرۆک کۆمار هەڵدەبژێردرێ و حکومەتی نوێ دادەمەزرێ. گریمانەی ئەوەی، بە هۆیەک یا هۆیەکی دیکە،

[32] لەسەر بابەتی هەرەسی جوڵانەوەی چەکداری باشوری کوردستان (١٩٦١-١٩٧٥) زۆر نووسراوە. بە تایبەتی لەم بارەیەوە لێکۆڵینەوەیەکی ئەکادیمی، کە نامەی دکتۆرایە، لە لایەن (بریان ر. گیبسۆن)ەوە نووسراوە و لە لایەن شەفیقی حاجی خدر وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی کوردی:
Bryan R. Gibson, *Sold Out? US Foerign Policy, Iraq, the Kurds, and the Cold War,* (New York: Palgrave, 2015).
بۆ لێکۆڵینەوەیەک بە کوردی هەر دەربارەی ئەم جوڵانەوە چەکدارییە بە تایبەتی شکستەکەی، بڕوانە: بورهان یاسین، "چەند سەرنجێک دەربارەی خەباتی چەکداری جوڵانەوەی نەتەوەیی کورد لە کوردستانی باشوور،" لە *گۆڤاری یەکگرتن،* ژمارە ١٥، لاپەڕە ١٠٥-١٣٨. ئەم وتارە دواتر لە کتێبی نووسەردا، *ئەوەی ئەمڕۆ سیاسەتە سبەی مێژووە،* ٢٠٠١، بڵاوبۆتەوە.

بڕیاری دادگای فیدراڵی جێبەجێنەکرێ ئەگەرێکی کراوەیە. بەڵام ئەم وتارە زیاتر ئەگەری جێبەجێکردنی بڕیارەکەی کردووە بە گریمانە، هەر ئەمەشە ئاراستەی تەواوی لێکۆڵینەوەکە دەکات.

ئەو کاردانەوانەی تا ئێستا، بە تایبەتی ئەوانەی بە ناوی حکومەت و بە ناوی پارتییەوە، بیستراون هەندێک ئاماژەیان تێدایە کە گرنگترینیان ئەمانەن: أ- هەوڵدان بۆ ئەوەی کێشەکە بکرێ بە کێشەی خەڵک؛ ب- هەوڵی **تاکتیکی** بۆ سەرپێخستنی گفتوگۆی بێ کۆتایی و بێ ئەنجام لەگەڵ بەغدا بە مەبەستی سڕکردن یا "لەبیربردنەوەی" بڕیارەکەی دادگای فیدراڵی؛ ج- خۆدزینەوە لە بەرەوڕووبوونەوەیەکی راستەقینەی کێشەکە؛ د- بە نێودەوڵەتیکردنی دۆسیەکە، بێئاگا لەوەی کە دەکرێ بەنێودەوڵەتیکردنی دۆسیەی نەوت و گاز بە زیان و شکست بۆ دەسەڵاتدارانی هەرێم و سیاسەتی نەوتییان بشکێتەوە؛ ر- ختوکەدانی هەست و نەستی خەڵکی کوردستان، کە دەکرێ زۆر ئامانجی هەبێ.

مانەوەی دۆسیەی نەوت و گاز بەبێ چارەسەری بە واتای ئەوە دێت کە دەرگای هەرێم بە کراوەیی دەمێنێتەوە، روو بە هەر جۆرە موغامەرە و کێشە و هەڕەشەیەک، هەر وەک چۆن لە رابردوودا بینیومانە، کە دواهەمیشیان موغامەرە و سەرکێشییەکەی ریفراندۆم بوو.

هەڵوێستی هێزە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان، جگە لە پارتی، ئامادەن کە کێشەکە بەو "رەش یا سپییە" نەبینن وەک پارتی دەیکات. دەکرێ هۆیەکیش بۆ ئەم جۆرە لە هەڵوێست ئەوە بێت کە هەموو هێزە سیاسییەکانی دەرەوەی پارتی یا ئەوەتا "موستەفید" نین یا ئەوەتا زۆر کەمتریان دەست دەکەوێت لە داهاتی نەوت و گاز، بەراورد بە پارتی کە بەشی شێری بەردەکەوێت، ئەوە جگە لە هەژموونی نزیک لە رەهای پارتی لەسەر دۆسیەی نەوت و گاز. لە لایەکی دیکەوە هەموو ئەو هەڵوێستانەی کە تا ئێستا دەربڕاون یا دوو روویی سیاسیان تیایە یا راگەیاندراوی "بێ رۆح و بێ کاریگەرین." بە هەر حاڵ، هەرگیز هەڵوێستی حزبەکانی دەرەوەی پارتی بەشی ئەوە ناکات کە رێگای سیناریۆیی کاریسەئامێز بگرێ، لە جۆری، بۆ نموونە، لەیەکگەیشتنێکی پشتشکێنی ئەنکەرە و بەغدا، لە جۆری رێککەوتنی جەزایری ٦ی ئاداری ١٩٧٥ی نێوان عێراق و ئێران، یا جوڵاندنی هێز دژ بە هەرێم لە حاڵەتی پابەندنەبوونی هەرێمی کوردستان بە بڕیاری دادگای فیدڕاڵییەوە!

* * *

بۆ گۆڕینی دەسەڵاتی سیاسی لە هەرێمی کوردستان، بە شێوەیەک کە چیتر پارتی و یەکێتی باڵادەست و بڕیاردەری سەرکی نەبن، زۆر شتی تری پێویستە لەوەی کە تەنها ئەمە بە **هەڵبژاردنی گشتی** بەرهەم بێت. بەم مانایەش بردنەوەی هەڵبژاردن (وەک پێدراوێکی ژمارەیی) زامنی ئەوە ناکات کە بە ئاسانی، واتە تەنها بیناکراو لەسەر دەرەنجامی هەڵبژاردن لە بەرژەوەندی هێزەکانی دەرەوەی پارتی و یەکێتی، زامنی ئەوە بکات کە بنەماکانی دەسەڵاتی ئێستا بگۆڕدرێن. ساڵانێکە حاڵەتی نوێ هاتوتە کایەوە لە ماهییەتی دەسەڵاتی خۆماڵی لە هەرێمی کوردستان: تا

چەند ساڵێک پێش ئیستا بوونی چەک بە دەستی دوو هێزی سەرەکییەوە، زامنی مانەوەی ئەم دوو هێزە بوو جا "دەرەنجامی هەڵبژاردن چی دەبێ با ببێ،" بەڵام ساڵانێکە فاکتەرێکی دیکە هاتۆتە ناو هاوکێشەکەوە، وەک کارتی بەهێزی ئەو دوو هێزە دەسەڵاتدارە، بە تایبەتی پارتی، کە ئەویش کارت یا تۆ بڵێ چەکی "نەوت و گازە." پێشتر هەڵبژاردنەکان، کەم یا زۆر لە ژێر "رەحمەتی" لولەی تڤەنگەکانی "میلیشیای" حزبدا ئەنجامدراون، بەڵام لە ئێستادا هەڵبژاردنەکان، جگە لە لولەی تفەنگ، کەوتوونەتە ژێر "رەحمەتی" دۆلارەکانی نەوت و گازیش. ئەگەر دۆسیەی نەوت و گاز گۆڕانکارییەکی ریشەیی بەسەردا نەیەت، بەو مانایەی چیتر کۆدەکانی ئەم دۆسییە مەترسیدارە لە دەستی حزبدا نەمێننەوە، دەکرێ هەڵبژاردنەکان لە ژێر کاریگەری نێگەتیڤانە و سێبەری قورسی نەوت و گاز دەربچێ، ئەگەرنا لە داهاتوودا بە ئاستەم هیچ هێزێک بتوانێ، تەنها پشت ئەستور بە دەرەنجامەکانی هەڵبژاردن، حکومەت دروست بکات.

ئەمڕۆ پارتی، بە تایبەتی نێچیرڤان بارزانی، دەتوانێ بە ئاسانی، بەڵام بە ئامانج، لایەنە پەویەندیدارەکان (هێزی ئیقلیمی، کۆمپانیا نەوتییەکان و هێزە جیهانییە پەیوەندیدارەکان بە دۆسیەی نەوت و گازەوە) بترسێنێ بەوەی **ئەگەر پارتی، وە بە تایبەتی شەخسی خۆی** دەسەڵات لەدەست بدەن، ئەوا تەواوی بەرژەوەندییە نەوتی و گازییەکانی ئەم کۆمپانیا و وڵاتانە دەکەونە ژێر مەترسی جددییە. لە هەمان ئاراستەشدا دەتوانن ئەو پەیامە بە کۆمپانیا نەوتییەکان بدەن کە **هیچ زەمانەتێک نییە**، لە حاڵەتی دۆڕاندنی پارتی لە هەڵبژاردنەکان وە گۆڕانکاری لە دەسەڵاتدا، ئەم بەرژەوەندییانەتان زامنکراو و **پارێزراو بن**. پارتی دەمێکە ئەم قسەیەی روو بە تورکیا کردووە، ئێستاش هەر ئەم قسەیە دەکات! پرسیاریش هەڵبەتە ئەوەیە ئایا ئەوانی تر (واتە هێزە سیاسییەکانی تر) لەم رووەوە چی دەڵێن وە دەتوانن چی بکەن، چی لەم واقیعە تاڵە بگۆڕن؟

ئەو شتانەی تا ئێستا گورزی کوشندەیان لە ئاکامی گەندەڵبوونی دۆسیەی نەوت و گاز بەرکەوتووە، هەڵبەتە جگە لە خەراپی کاریسەئامێزی باری ژیان و گوزەرانی خەڵک، ئەزموونی باشوری کوردستانە، دۆزی کوردە لە ئاستی عێراقی و ئیقلیمی و تەنانەت لە ئاستی نێودەوڵەتیشدا، هەروەها رەوتی کوردایەتییە بە گشتی. زۆرن ئەوانەی لە نووسین و گوفتاریاندا هێرشی "بێویژدانانە" دەکەنە سەر تەواوی رەوتی کوردایەتی (کە لە گەوهەر و ماهیەتیدا گوتار و چیرۆکی نەتەوەیەکی ستەملێکراوە، هی وڵاتێکی داگیرکراوە و هی خەونبینینە بە سەربەخۆیی و ئازادییەوە)، ئەمەش هەمووی لە ئاکامی تێگەیشتنێکەوە دێت کە دەخوازێ بڵێ "ئەم هەموو گەندەڵی و خەراپەکارییە دەرەنجامی، بێ سێ و دووی، کوردایەتییە"! ئەمە نەک هەر بۆ هەنووکە کاریسەیەکی راستەقینەیە، بەڵکو لە درێژبوونەوەیدا، روو بە داهاتوو و نەوەکانی داهاتوو، زیانی هەرە گەورە و کوشندە بەر داهاتووی ئەم رەوتە کوردایەتییە دەکەوێت! ئەمە لە کاتێکدایە، کە هاوکات لە گۆشە و ئاراستەی تریشەوە کوردایەتی و ناسیۆنالیزمی کوردی رووبەڕوە لەگەڵ

کۆمەڵێک هەڕەشە و تەوژمی ئایدیۆلۆژی دژ بە کوردایەتی. جێگای خۆشیەتی کە ئەم مەترسییە زۆر بە جددیتر وەربگیرێ.

* * *

پێشمەرجێکی هەرە گرنگ و چارەنووسساز، بۆ ئەوەی هەولێر بگات بە ڕێککەوتن لەگەڵ بەغدا، رزگاربوونی هەرێمە لەو حاڵەتی **وابەستەیییەی** کە لە دۆسیەی نەوت و گازدا تێیکەوتووە، **زۆر بە تایبەتی لەگەڵ تورکیا**، بە هۆی ڕێککەوتنە پەنجا ساڵییەکەوە، ڕێککەوتنێک کە بە باوەڕی خۆم زۆر زیاترە لە هەندێک ژمارە و مەسەلەی تەکنیکی و لۆجیستی گواستنەوەی نەوت! زۆر بە سادەیی: هەرێمی کوردستان **دوو دانە پابەندبوون و وابەستەیی تەواو دژ بە یەکی هەن**، کە تا ئەو دژایەتییە بە شێوەی ریشەیی چارەسەرنەکرێ ئەوا ڕێککەوتنی هەولێر و بەغدا ئەستەمە: یەکەم، وابەستەیی بە دەرەوەوە، بە تایبەتی بە تورکیاوە لە ڕێگای بەرژەوەندییە "گوماناوییە" نەوتییەکانەوە، وە دووەم، پابەندبونێکی ناکۆکیش لەگەڵ ئەو وابەستەییە کە هی پابەندبوونە بە دەستووری عێراقەوە! لە رووی مێژووییەوە ئەمە ڕێک لە حاڵەتێکی مێژوویی دەچی کە هی ساڵانی (١٩٧٠ تا ١٩٧٤)ە کە تیایدا پارتی و بارزانی لە سەرێکەوە پابەندبونییان بە بەغداوە هەبوو لە ڕێگای ڕێککەوتنێکی ئاشتی چوار ساڵییەوە، بەڵام لەولاشەوە لە حاڵەتێکی وابەستەیی بەردەوامدا بوون بە تەهرانەوە. ئەم وابەستەییە لە ١٩٧٢ قاڵبی ڕێککەوتنێکی فرەڕەهەندی وەرگرت کاتێک ئیدارەی نیکسۆن لە مانگی حوزەیرانی ئەو ساڵەدا بە فۆرمەلەی شای ئێران رازی بوو کە ئێران، ئیسرائیل و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا یارمەتی بارزانی بدەن دژ بە رژێمی ئەو کاتەی بەغدا. دەرەنجامی ئەم وابەستەییە شەڕێکی هەرە خوێناوی بوو لەگەڵ بەغدا، لە ئاداری ١٩٧٤ تا ئاداری ١٩٧٥، کە دواجار ئەم شەڕە خوێناوییە بە ڕێککەوتنی شای ئێران و سەدام حوسەین لە جەزائیر تەواو بوو، بەمەش جوڵانەوەی چەکداری توشی نسکۆیەکی مێژوویی بووا!

حاڵەتی دوای بڕیارەکەی دادگای فیدڕاڵی هەرگیز هی ئەوە نییە کە دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان بتوانێ بە مێتودی ختۆکەدانی هەست و نەستی خەڵک چارەسەری کێشەکە بکات. ئەم دەسەڵاتە نابێ ئەوە لەبیر بکات کە هەمان ئەم خەڵکە بە ڕێژەی کەم یا زۆر ٧٥% بایکۆتی هەڵبژاردنەکانی هەرە دوایی عێراقی کرد وە دەبێ دەسەڵات ئەم بایکۆتە بە جیددی و بە وردی دیراسە بکات و باشتریشە هەر زوو بگاتە ئەو دەرەنجامەی کە ئەم بایکۆتە لە ئاکامی ئەوەوە هاتووە کە دەسەڵات باوەڕ و متمانەی خەڵکی، نزیک لە رادەی رەها، لەدەستداوە. ختۆکەدان ئەم حاڵەتە چارەسەر ناکات، بەڵکو دەکرێ بە کاریسەیەک "بۆ هەمووان" تەواو ببێ. لەم رووەوە حزبەکانی دەرەوەی پارتی و یەکێتی بەرپرسیارییێکی تایبەتیان دەکەوێتە سەر شان لە دەستنیشانکردنی هەڵەکان و هێنانە دەنگی سیناریۆ کاریسەئامێزەکان، وە لەم رۆشنایییەشدا زۆر

راشکاوانە بە پارتی و یەکێتی، بە تایبەتی بە پارتی، بگوترێ کە مانەوەی دۆسیەی نەوت و گاز بەم شێوەیەی کە هەیە دەکرێ سەر بدات لە کاریسە و نسکۆیەکی مێژوویی لە جۆری نسکۆکەی ئاداری ١٩٧٥![33]

[33] جێگای ئاماژەیە کە نووسەری ئەم وتارە سالآنێک پێش ئێستا، لە جێگایەک یا جێگایەکی تردا، باسی لەم مەترسییە کردووە، وە لەوێشدا بە جەختکردنەوەوە بەراوردی حاڵەتی ئێستای وابەستەیی لە نێوان پارتی و تورکیام لەگەڵ حاڵەتی مێژوویی وابەستەیی پارتی و مەلا مستەفای بارزانی لە لایەک وە لە لایەکی ترەوە ئێرانم کردووە.